# ڕێنمایی

## بۆ کۆچبەری کورد

ناوەند ـ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی

**ووتەیەك**

**بابەتەکانی ئەم رێنمایی یە رۆشنایی یەکی پێویست دەخەنە سەر برێك لایەنی گرنگی کاروباری بیانیان لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال بەشێوەیەکی گشتی و بەشێوەیەکی تایبەتی یش هی کورد.**

**خوێنەر دەتوانێت لە دوو توێ ی ئەم بڵاوکراوەدا زانیاری سەبارەت بە زۆربەی بوارەکانی ژیانی رۆژانەوە بەدەست بهێنێت. بۆنموونە: بابەتی پەنابەری وماف مانەوە پێ دان، کاروباری کۆمەڵایەتی وخێزان، ئابووری، تەندروستی، زانست و خوێندن و گەلێ بابەتی پڕبایەخی دیکەی ژیانی رۆژانە.**

**لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا هەوڵمان دا خوێنەر لە ئەرك و فەرمانی هەندێ لەو دام و دەزگایانەی ئەڵمانیا ئاگادار بکەینەوە، کەدەشێت هەر کەسێکی بیانی راستەوخۆ کاری پێ یان ببێت، یاخود بتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت. ناونیشانی زۆربەی ئەو دام و دەزگایانەش نووسراونەتەوە.**

**ئەم رێنمایی یە بۆ خۆدۆزینەوەیە لە ناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیا، بۆ خۆگونجاندن و پشت بەخۆ بەستنە لە کاتی پێویستدا. هیوادارین لەم رێگەوە توانیبێتمان، یارمەتی ئەو کوردانە بدەین، کە پێویستیان بە رێنمایی هەیە.**

**ناوەند ـ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی**

## ناوەڕۆك

# 1

## کۆچکردن


کۆچبەرانی دەرەوەی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا چ جۆرە مافێکیان هەیە؟ 9

کۆچبەرە بیانی یەکانی دەرەوەی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا چ شێوە مافێکی مانەوەیان هەیە؟ 9

مافی مانەوەی Aufenthaltsbewilligung مانای چی یە؟ 9

مافی مانەوەی Aufenthaltsbefugnis مانای چی یە؟ 10

مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis مانای چی یە؟ 10

ا) مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis ـی سنووردار 10

ب) مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis ـی بێ سنوور (کراوە) 10

مافی مانەوەی Aufenthaltsberechtigung چی یە؟ 11

مافی مانەوەی Aufenthaltsgestattung چی یە؟ 11

داڵدەدان (Duldung) چی یە؟ 12

لە کوێ مرۆڤ Aufenthaltserlaubnis, Aufenthaltsberechtigung, Aufenthaltsgestattung وەردەگرێت؟ 12

چۆن مرۆڤ وەکو گەشتکار سەردانی ئەڵمانیا دەکات؟ 13

ڤیزە و روونکردنەوەی بەرپرسێتی ڤیزە 13

دوورخستنەوە (Abschiebung) چی یە؟ 13


### < بە هاووڵاتی بوون


چۆن دەتوانم لە ئەڵمانیا ببم بە هاووڵاتی؟ 14

چۆن منداڵانی خاوەن دایك وباوکی بێگانە دەبن بە هاووڵاتی ئەڵمانیا؟ 14

بەدەست هێنانی جنسی یەی ئەڵمانی بە بوون بە هاووڵاتی 15


# 2

## پەناخوازان و پەنابەری

ماڤ پەنابەری چی دەگەیەنێ؟ 17
لەکوێ و چۆن داوای پەنابەرێتی دەکرێ؟ 17
واتای پەنابەری دان پیانراو (Asylberechtigte) چی یە؟ 18
پەناخواز (Asylbewerber) کێ یە ؟ 19
پەنابەری شەڕی ناوخۆ کێ یە؟ 20
بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی داوای پەنادان 20
دان نان بەماڤ پەنابەرێتی سیاسی بە پێ ی بەندی 16 قانوونی بنچینەیی ئەڵمانیا 20
دان نان بەماڤ پەنابەرێتی سیاسی بە پێ ی قانوونی 51 ی بێگانان 21
لەئارادابوونی هۆکانی دوورنەخستنەوە بە گوێرەی قانوونی 53 ـی بێگانان 21
ئایا پێویستە منداڵانی تەمەن ژێر 16 ساڵیش داوای ماڤ پەنابەری بکەن؟ 21
بە پەساپۆرتی پەنابەری سەفەر بۆ چ وولاتێك دەکرێت؟ 21
قانوونی مافە دراویەکانی پەناخواز چی یە؟ 22
دوورخستنەوە پاش رەتکردنەوەی داوای پەنادان 22
دووبارەکردنەوەی داوای پەنابەری چی یە؟ 23
نیشتەجێ بوون لە ئۆردوگای پەنابەراندا 23
پسولەی کارکردن بۆ پەناخوازان 23
فێرکردن و قوتابخانە بۆ هەرزەکارانی پەناخواز 24

3

## بەشداری ی سیاسیانە، کەوتنە سەردەستخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی

ناوەندو دەزگا خۆبەڕێوەبەرەکان 25
ئەنجومەنی بێگانە (Ausländerbeirat) چ رۆڵێك دەگێڕێ؟ 27

### > فێرکردن وزمان

فێرکردن لە قوتابخانەکان 28
سیستەمی خوێندن لە ئەڵمانیا چۆنە؟ 29
قوتابخانەی تایبەتی (Sonderschule) چی یە؟ 30
باخچەی مندالان (Kindergärten) و شوێنەکانی چاودێری مندالان (Kindertageseinrichtungen) چین؟ 30
زمان و فێرکردن 30
وانەی زمانی دایك بۆ مندالانی کورد 32
رێکخستنی قانوونی بۆ ناوی کوردی 33
چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە ئەڵمانیا لە دانشگا بخوێنێ؟ 33
کێ مافی وەرگرتنی بافوگ (مانگانەی خوێندکار BAföG) ی هەیە؟ 34
شتودیەن کۆلێج (Studienkolleg) (کۆلێژی خۆئامادەکردن بۆخوێندن لە دانیشگا) چی یە؟ 35
مرۆڤ چۆن دەتوانێت بڕوانامەی قوتابخانە، بڕوانامەی ئامادەیی و بڕوانامەی دانیشگا لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرالی دا ساخ بکاتەوە 36
کتێبخانەگشتی یەکانی بۆن وکۆڵن 36

### > خانووبەرەو کاروباری کۆمەڵایەتی

چۆن بە دوای خانوودا دەگەڕێم؟ 37
دەبێ لە کاتی ماڵ گواستنەوەدا رەچاوی چی بکەم؟ 37
پارەی خانوو (Wohngeld) چی یە و کەی مافی وەرگرتنی ئەم پارەیەم هەیە؟ 38
لە کوێ دەتوانم داوای پارەی خانوو بکەم؟ 38
چۆن پسولەی مافی وەرگرتنی خانوو (Wohnberechtigungsschein) م دەست دەکەوێ؟ 39
کۆمەڵەی کرێچیان (Mieterverein) چی یە؟ 39
یارمەتی کۆمەڵایەتی (Sozialhilfe) چی یە و کێ مافی وەرگرتنی هەیە؟ 40
ئایا مرۆڤ بۆی هەیە سەرەرای وەرگرتنی یارمەتی کۆمەڵایەتی پارەی دی بە دەست بهێنێ؟ 40

ئایا پێویستە مرۆڤ بۆ وەرگرتنی یارمەتی کۆمەڵایەتی کاربکات؟ 40
یارمەتی جێ کردنەوە بۆ کەم ئەندام (Eingliederungshilfe) 41
پێناسنامەی بۆن (Bonn-Ausweis) و پەساپۆرتی کۆلن (Köln-Pass) چین؟ 41
پارەی (رسوم) خزمەتگوزاری تەلەفزیۆن و رادیۆ (Rundfunkgebühren) چی یە؟ 42
چۆن مرۆڤ لە پارەی رادیۆ وتەلەفزیۆن ئازاد دەبێت؟ 42
داشکاندنی پارەی تەلەفۆن 42
ناسنامەی هاژووتنی ئوتۆمبیل (Führerschein) 43

## خێزان و پلانی خێزان

ماف مانەوەی راستەوخۆی هاوسەر 44
هێنانی ئەندامانی خێزان چۆنە؟ 44
هێنانی خێزان بۆ هاوسەری ئەڵمان 45
هێنانی خێزان بۆ هاوسەری بێگانە 46
چیم پێویستە گەر لە ئەڵمانیا بەرەسمی شووبکەم یان ژن بهێنم؟ 47
پارەی دایکایەتی چی یە؟ 48
پارەی پەروەردەکاری لە کاتی دایك و باوکایەتی دا 48
پشووی پەروەردەکاری (لە کاتی منداڵ بووندا) (Erziehungsurlaub) 49
پارەی منداڵ (Kindergeld) 49
مشوورخواردنی چاودێری تەندروستی بۆ کۆچبەر 49
دەرزی لێدان (تلقیح) (Impfungen) (دەرزی لێدانی منداڵ) 50
ئێدز (AIDS) چی یە؟ 51
راوێژکاری ئەیدز چی یە و لە کوێ تاقی کردنەوە (تێست) ی ئێدز دەکرێت؟ 52

## 4

## دابین کردنی باری کۆمەڵایەتی

مافی کارکردن و پسولەی کارکردن و کاری سەربەخۆ چین؟ 53
پارەی بێکاریی (Arbeitslosengeld) و یارمەتی بێکاریی (Arbeitslosenhilfe) 53
کاری 325 ئۆیرۆ چی یە؟ 54
خۆ پێ گەیاندن لە رووی ئابووری یەوە و پشتگیری کردنی کۆچبەرانی خاوەنکاری سەربەخۆ (Selbständiger) لە نۆرد
راین ڤێست فالن 54
باج چی یە؟ 56
باج و فەرمانگەی دارایی 56

## < سیستەمی خانەنشینی لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال

تەمەنی خانەنشینی چی یە؟ 57
چ کاتێك ژن مافی وەرگرتنی پارەی خانەنشینی هەیە؟ 57
خانەنشینی بە هۆی بێکاری یەوە 58
خانەنشینی بەهۆی پەککەوتەنی سەخت 58
خانەنشینی بێوەژنی و بێوەپیاوی 58
خانەنشینی بەهۆی سنووردارببوونی توانای کارکردن 59
ریفۆرمی خانەنشینی تازە چی تیایە؟ 59

## < سیستەمی تەئمینی کومەڵایەتی لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال

سیستەمی تەئمینی (بیمە) کۆمەڵایەتی چی دەگرێتەوە؟ 59
تەئمینی نەخۆشی چی یە؟ 60
تەئمینی چاوەدێری (Pflegeversicherung) چی یە؟ 60
تەئمینی خانەنشینی (Rentenversicherung) چی یە؟ 60
تەئمینی رووداوی کت وپڕ و بەسەرهاتی لەناکاو (Unfallversicherung) چی یە؟ 61
تەئمینی بێکاری چی یە؟ 61

## < بواری کات بەسەربردن و راوێژکاری و گرین کارت

راوێژکاری کاروباری داد 61
یارمەتیدانی راوێژکاری و پارەی دادگا (Beratungs- und Prozesskostenhilfe) 62

**بواری کات بەسەربردن بۆ بەساڵاچووان** 62
**کارمەندی خاوەن پەیمانی کار و هەرزەکاری میوان** (Au-pair) 63
**کارتی سەوز** (Green Card) **چی یە؟** 63

1

# کۆچکردن

### کۆچبەرانی دەرەوەی وولاّتانی یەکێتی ئەوروپا چ جۆرە مافێکیان هەیە؟

ماڤ مانەوە وەرگرتن لە ئەڵمانیا بۆ کۆچبەری وولاّتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا زۆر سەختە. بەلاّم بۆ هاوولاّتیانی ناو یەکێتی ئەوروپا ئاسانترە لێرە بژێین, ئەمەش بە مەرجێ کاریان لێرەدا هەبێت. کۆچبەرە بیانیەکانی وولاّتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا پێویستیان بە پسولەیەکی تایبەتی رێگەپێدانی کارکردن هەیە. ئەم پسولەیە لە هەموو بێگانەیەك، کە لە ئەڵمانیا بژێێت وکاربکات، داوادەکرێت. ماڤ مانەوە بۆ هاوولاّتیانی وولاّتانی ئەندام لە ناو یەکێتی ئەوروپا بەشێوەیەکی قانوونی بە کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا (EWG) وە گرێ دراوە.

### کۆچبەرە بیانی یەکانی دەرەوەی وولاّتانی یەکێتی ئەوروپا چ شێوە مافێکی مانەوەیان هەیە؟

ماڤ مانەوە بۆ کۆچبەرانی وولاّتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بە گوێرەی قانوونی بێگانە رێکخراوە, ئەمەش بەندە بەشێوەی چۆنیەتی ماڤ مانەوەی ئەو کۆچبەرانە وەکو Aufenthaltsbewilligung, Aufenthaltsbefugnis . Aufenthaltserlaubnis, Aufenthaltsberechtigung, Duldung

بە گوێرەی شێوەی ئەم ماڤ مانەوەشیان چەند مافێکی دیاریکراویان هەیە. بۆ نموونە ماڤ خەرجی منداڵ (Kindergeld) یەکێکە لە مافە کۆمەلاّیەتیەکانیان و پابەندە بە چۆنیەتی ماڤ مانەوەکەیان.

### ماڤ مانەوەی Aufenthaltsbewilligung مانای چی یە؟

بە هەبوونی ئەم ماڤ مانەوەیە مافەکانی مرۆڤ زۆر کەمن. ئەم مافە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو و تەنیا بۆ دووساڵ دەدرێت. بۆیە ئەم ماڤ مانەوەیە نزمترین پلەیە. چونکە دەرفەتی مانەوەی هەمیشەیی بە مرۆڤ نادات. ئەگەر مرۆڤ ماوەیەکی درێژیشی لە ئەڵمانیا بەسەر بردبێت، ناتوانێت بەم مافە هەمیشە لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە. دوای تەواوکردنی خوێندن یان

بەسەرچوونی ماوەی  پێویستی ی مافی مانەوەکەی، ئەو کەسە ناچارە ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت، تەنانەت ئەگەر بێتو کارێکی بەردەوامیشی هەبێت.

### مافی مانەوەی Aufenthaltsbefugnis  مانای چی یە؟

ئەم مافی مانەوەیە لەبەر هۆی مرۆڤایەتی بۆ ماوەی دووساڵ دەبەخشرێت. بۆنموونە دەدرێت بە راونراوی سیاسی. ئەمەش لە سەرەتادا چارەسەرێکی مرۆڤایەتی بوو، بۆ بەشێك لە پەنابەرانی کوسۆڤۆ و بۆسنی و ئەلبانیەکان، کە بەهۆی شەری نێوخۆی یۆگۆسلاڤیا وە روویان کردبووە ئەڵمانیا. لە روانگەی دادوەریی یەوە هەموو شەرێکی ناوخۆیی نابێتە هۆی وەرگرتنی مافی مانەوەی مرۆڤایەتی.بۆ نموونە شەری ناوخۆ لە کوردستان، سریلانکا، ئەفغانستان، یان لە سۆمال. بەم مافی مانەوەیە دەکرێت مرۆڤ لە رووی تیۆریەوە بە بەردەوامی لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەشت ساڵ ئەم مافی مانەوەیەی هەبووبێت. ئەم مافە راستەوخۆ نوێ ناکرێتەوە. هۆیە مرۆڤایەتییەکان دەبێت وەکو خۆیان مابن و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبێت.

### مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis مانای چی یە؟

دەکرێت ئەم شێوەیەی مافی مانەوە بۆماوەیەکی دیاریکراو یاخود کراوە بۆ بەیەك گەیاندنی سەرانی خێزان وەربگیرێت. ئەم مافی مانەوەیە بۆ ئەندامانی خێزانیش وەردەگیرێت. بە هەبوونی ئەم مافە دەشێت دواتر مافی مانەوەی هەمیشەیی قانوونیانە مسۆگەر بکرێت. ئەمەش تەنیا پاش زاڵبوون بەسەر چەند کۆسپێکدا دەکرێت، بۆ ئەوەی مافی مانەوەکە دانی پیابنرێت و سەقامگیر ببێت.

#### ا) مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis ــی سنووردار

ئەم شێوە سنووردارەی مافی مانەوەیە یەکەمجار بۆ ماوەیەکی رێك وپێکی دیاریکراو دەبەخشرێت، کە هەر وەکو باوە ماوەکەی یەك ساڵە. پاشان بۆ  دوو ساڵ و دواتریش دیسان دووساڵ درێژ دەکرێتەوە، لە حالەتێکدا مرۆڤەکە خانووبەرەو ماڵ وحاڵی دابین کرا بێت.

#### ب) مافی مانەوەی Aufenthaltserlaubnis ــی بێ سنوور (کراوە)

مافی مانەوەی بێ سنوور هەنگاوی یەکەمە بۆ دابین و مسۆگەر کردنی مافی مانەوە. مەرجەکانی ئەم جۆرە مافی مانەوەیەش بریتین لە:

- هەبوونی مافی مانەوەی پێنج ساڵە

- زانینی زمانی ئەڵمانی بە گوێرەی خواستی بەڕێوەبەرایەتی بێگانە
- ژیان لە خانووبەرەیەکی گونجاو. لە زۆربەی هەرێمەکانی ئەڵمانیا داوای ئەوە دەکرێت، ئەگەر مرۆڤ تەمەنی لە شەش ساڵ تێپەر بوو، دەبێ لە خانوویەکدا بژییت کە هەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە لە دوانزە مەتری چوارگۆشەی کەمتر بەر نەکەوێت
- مرۆڤ دەبێت ژیانی خۆی پێ دابین بکرێت، واتە بتوانێت خۆی خۆی بژێنێ
- هەبوونی پسولەیەکی کارکردنی تایبەتی. پسولەیەك کە مرۆڤ بتوانێت پێ ی بەبەردەوامی لە پیشەیەکدا کار بکات
- منداڵ ولاوان لەسەریانە بسەلمێنن، کە دەچنە قوتابخانەو بەردەوامن لەسەر خوێندن
- لاوانی کۆچبەر کە ماڤ مانەوەی بێ سنووریان هەیە، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵی دواییدا رووبەرووی سزایەك یان زیندانی کردن بۆماوەی شەش مانگ بووبن، یاخود بە لایەنی کەمەوە لە بری 180 رۆژ زیندانی سزای پارە درابن، یاخود نەیان توانی بێت ژیانی خۆیان دابین بکەن، واتە لەسەر شارەوانی یان یارمەتی لاوان بژیێن، ماڤ مانەوەی بێ سنووریان لە دەست دەدەن.

### ماڤ مانەوەی Aufenthaltsberechtigung چی یە؟

ئەم ماڤ مانەوەیە ماڤ مانەوەیەکی بێ سنوورە بۆ کۆچبەران. ئەم مافە لە ئەڵمانیادا پەیوەست نی یە بە کات وشوێنی دیاریکراوەوە. واتە خاوەنی ئەم مافە بۆی هەیە لە هەرچ شوێن و ساتێکدا لە ئەڵمانیا بژییت. ئەم مافە باشترین شێوەی ماڤ مانەوەیە، گەر بێت و لەگەڵ مافەکانی تری مانەوەدا بەراورد بکرێت.

تەنیا بە هۆی سزایەکی گەورەی زیندانی کردن، وەکو ئەوەی مرۆڤ بازرگانی بە تلیاکەوە کردبێت، ماڤ مانەوەکە دەکەوێتە مەترسی و لەوانەیە ئەو کەسە لە ئەڵمانیا دوور بخرێتەوە.

### ماڤ مانەوەی Aufenthaltsgestattung چی یە؟

ئەم شێوەیەی ماڤ مانەوە دەدرێ بەو پەناخوازانەی کەداوای پەنابەریان پێشکەشکردووە و داواکەیان لە مامەلەدایە. بەم ماڤ مانەوەیە شوێنی نیشتەجێ بوونی پەناخواز (بەگوێرەی فەرمانگەی بێگانەو دەزگا بەرپرسەکان) سنووردار دەبێت. بەڵام دەکرێت لە کاتی زۆر پێویستدا بە رەزامەندییێکی تایبەتی جێگاکەی خۆیان بۆماوەیەکی دیاریکراو بەجێ بێڵن. لەکاتێکیشدا ئەگەر بچنە لای پارێزەر یان فەرمانگەی فیدرالی و دادگا، دەتوانن بێ رەزامەندی تایبەتی بچن.

### داڵدەدان (Duldung) چی یە؟

**ماڤ مانەوەی داڵدەدان ڕێگەپێدانی ماڤ مانەوە نی یە، بەڵکو داڵدەدانێکە بۆ ماوەیەکی دیارکراو لە ئەڵمانیا، کە بە هۆی چەندین کۆسپ و تەگەرەوە دوورخستنەوەی داڵدەپێ دراوەکە دوادەخرێت. بەشی زۆری ئەو هەڵاتووانەی ماڤ پەنابەریان پێ نەدراوە، یان پەنابەریی بچوکیان وەرنەگرتووە، لە ئەڵمانیا داڵدەدەدرێن، چونکە لەبەر چەند هۆیەکی ڕێگر ناکرێت لە ئەڵمانیا دووربخرێنەوە (بۆ نموونە هۆی مرۆڤایەتی یاخود تەندروستی، یان هەبوونی هەرەشە و مەترسی لەسەر ژیان و گیانی داڵدەپێدراو لە کاتی ناردنەوەی دا بۆ وولاتەکەی خۆی). داڵدەدان تەنیا بە قانوونی هەرێمەکانەوە پەیوەندی هەیەو دەشێت بە مەرجی تایبەتیشەوە لکێندرا بێت (بۆ نموونە شێوەی قەدەغەکردنی کار لە هەندێ هەرێمدا). ئەگەر مرۆڤ داڵدە بدرێت، ئەوا ماوەی داڵدە دانەکەی تەنیا یەك ساڵەو لە لایەن فەرمانی بێگانە بۆ ماوەی شەش مانگ درێژ دەکرێتەوە. لەو کاتەشدا بڕیاری دوورخستنەوەشی هەر لەگۆڕێدا دەمێنێتەوە.**

### لە کوێ مرۆڤ Aufenthaltserlaubnis, Aufenthaltsberechtigung, Aufenthaltsgestattung وەردەگرێت؟

**هەر مرۆڤێکی بێگانە لە ئەڵمانیا بژیێت، لەسەریەتی یەکێك لەو ماڤ مانەوانەی سەرەوەی هەبێت. ماڤ مانەوە، ئەگەر پەیوەندی بە ماڤ مانەوەی هەمیشەییەوە نەبێت، ئەوا لە لایەن فەرماندەی بێگانەی هەر شارێك یان شارۆچکەیەك دیاری دەکرێت و دەبەخشرێت. پێویستە ئەم ماڤ مانەوەیە دوای تێپەڕبوونی ماوەی کارپێ کردنی جارێکی تر تازە بکرێتەوە. نوێ کردنەوەکەشی هەر دەبێ لە فەرماندەی بێگانە داوابکرێت. بۆنموونە لە بۆن لەم ناوونیشانەی خوارەوە:**

**Ordnungs- und Strassenverkehrsamt der Bundesstadt Bonn**
**"Ausländeramt"**
Königswinterer Str. 54, 53227 Bonn
Tel.: 0228/77 63 00, Fax: 0228/47 81 01
Email: dieter.bindseil@bonn.de
Internet: http://www.bonn.de

**کارە سەرەکی یەکان:**
**ڕاوێژکاری بۆ هاوولاتیانی بیانی**
**ڕاوێژکاری بۆ کاروباری هاوولاتی بوون**

**لە شاری کۆڵن یش لەم ناونیشانەی خوارەوە:**

**Amt für öffentliche Ordnung –**
**Abteilung für Ausländerangelegenheiten**
Herkulesstr. 42, 50823 Köln
Tel.: 0221/221-264 34, Fax: 0221/221-265 06
Email: ordnungsamt@stadt-koeln.de
Internet: http://www.stadt-koeln.de

## چۆن مرۆڤ وەکو گەشتکار سەردانی ئەڵمانیا دەکات؟

**بۆ زۆربەی خەڵکی وولاّتانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا زۆر سەختە ڤیزەی هاتنە ناو ئەڵمانیا وەربگرن، ئەگەر بیانەوێ سەردانی خزم و کەسوکاریان بکەن. نوێنەرایەتی بێگانەی ئەڵمانیا لە کاتی دەعوەتکردنی هاوولاّتیانی چەند وولاّتێکی دیاریکراو داوای روون کردنەوەی بەرپرسێتی لە دەعوەتکار دەکات: وەکو گرتنە ئەستۆی خەرجی ژیانی رۆژانە و گەشت وهەروەها خەرجی پزیشکی لە کاتی ناساغی دەعوەتکراوەکەدا. فەرماندەی بێگانەش لە دەعوەتەکە دەکۆڵێتەوەو هەڵی دەسەنگێنێ.**

## ڤیزەو روونکردنەوەی بەرپرسێتی ڤیزە

**ڤیزە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەدرێت، ئەگەر بێت و خەرجی ژیانی کۆچبەرەکە مسۆگەر بێت و پێویست نەکات، سوود لە مافی وەرگرتنی یارمەتی دەوڵەتی ی وەربگیرێت. ئەم مەرجەش تەنیا بە بەڵگەنامەی داهاتی تایبەتی مرۆڤ خۆی دێتەدی (بۆ نموونە بەڵگەنامەی رەسمی ی پارەی کار و کارکردن). لەهەمان کاتیشدا دەبێت رێ وشوێنێکی گونجاو بۆ دەعوەتکراوان داببن بکرێت. ئەگەر دەعوەتکار لەتوانای نەبێت بەدی هێنانی ئەم مەرجانە بەبەڵگەی پێویست بسەلمێنی، واتە ئەگەر نەتوانێت خەرجی و جێگەی پێویست بۆ دەعوەتکراوان داببن ومسۆگەر بکات، ئەوا ناتوانێت دەعوەتی هیچ کەسێك بکات بۆ ئەڵمانیا. دەبێ لە چوارچێوەی داواکردنی ڤیزە دا لە لای فەرمانگەی شارەوانی وفەرمانگەی بێگانان بەڵگەی داببن کردنی خەرجی و رێ و شوێن بخرێنە بەردەست.**

## دوورخستنەوە (Abschiebung) چی یە؟

ئەگەر بێگانەیەك بە شێوەیەکی ناقانوونی لە ئەڵمانیا بژیێت، واتە هیچ شێوەیەکی مافی مانەوەی نەبێت و مافی داڵدەدانی پێ نەدرابێت، دەکرێت لە ئەڵمانیا دوور بخرێتەوە. ئەوەی ناقانوونی هاتبێتە ئەڵمانیا یاخود مافی داڵدەدانی بەسەرچووبێت و ناقانوونیانە لێرە مابێتەوە، دوای گرتنی، دووردەخرێتەوە.

## > بە هاووڵاتی بوون

### چۆن دەتوانم لە ئەڵمانیا ببم بە هاووڵاتی؟

بە گوێرەی گۆڕانکاری قانوونی بە هاووڵاتی بوون لە ئەڵمانیا کە لە 2002/1/1 کەوتە گەڕ، شێوەی بوون بە هاووڵاتی لە ئەڵمانیا هەنگاوێکی گرنگ چووە پێشەوە. مرۆڤ دەتوانێت بە هەبوونی چەند مەرجێك لە ئەڵمانیا ببێت بە هاووڵاتی.

### چۆن منداڵانی خاوەن دایك وباوکی بێگانە دەبن بە هاووڵاتی ئەڵمانیا؟

منداڵی خاوەن دایك و باوکی بێگانە، کە لە دوای 2000/1/1 لە ئەڵمانیا لە دایك بووبێت، دەتوانێت راستەوخۆ ببێت بە هاووڵاتی ئەڵمانی ئەگەر:

- دایکی یان باوکی هەشت ساڵ بە شێوەیەکی رێك و پێك و ئاسایی مافی مانەوەی لە ئەڵمانیا پێ درابێت و
- لایەنێکیان مافی مانەوەی بێ سنووری لە سێ ساڵ کەمتر نەبووبێت لە ئەڵمانیا.

بەدەست هێنانی بەڵگەنامەی جنسیەی ئەڵمانی لە لایەن فەرمانبەری کاروباری شەخسی لە سجلی لە دایك بوون (نەك لە بەڵگەنامەی لە دایك بوون) تۆماردەکرێت. ئەو فەرمانبەرەی کاری تۆمارکردنەکەش ئەنجام دەدا، فەرمانگەی ناونووسین ئاگادار دەکاتەوە. بەم جۆرە داوای پێناسنامەیەك بۆ مناڵەکە دەکرێت.
لەبنەڕەتدا وا دادەنرێت، ئەو منداڵانەی دایك وباوکیان بێگانە بن جنسیە لەسەر جنسیەی دایك وباوکیان وەردەگرن. ئەگەر منداڵ جنسی یەی ئەڵمانی بە هۆی ئەوەوە وەربگرێت کە لە ناوەوەی وولات لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، ئەوا لە هەمان کاتدا دەبێتە خاوەنی زیاتر لە جنسیەیەك. جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەنیا لە ژێر هەلومەرجی چەند هۆکارێکی بەرتەسکدا بۆی هەیە پتر لە یەك جنسیەی هەبێت، بۆیە پێوستە لەسەر منداڵ، پاش ئەوەی تەمەنی هەژدەساڵی ی تەواو دەکات، بە نووسین بڕیار بۆ یەکێك لە هەردوو جنسیەکەی بدات. تا دەبێتە 23 ساڵیش دەبێت ئەوە یەك لا بکاتەوە، کە ئامادەیە واز لە جنسیە بێگانەکەی بهێنێ، یان ئەوە بسەلمێنێ، جنسیە بێگانەکەی نەماوە.

### بەدەست هێنانی جنسی یەی ئەڵمانی بە بوون بە هاووڵاتی

ئەو کۆچبەرانەی لە ئەڵمانیا دەژیێن، دەتوانن لە چەند هەلومەرجێکی دیاریکراودا داوای جنسیەی ئەڵمانی بکەن. ئەو بێگانەیەی لەگەڵ ئەڵمانێکدا دەبێتە هاوسەر، دەتوانێت جنسی یەی ئێرە داوابکات، بە مەرجێ بە لای کەمەوە سێ ساڵ

بەیەکەوە هاوسەربن. پەنابەری دان پیاهێنراو، راکردووان، بێ ووڵات و دەربەدەران دەتوانن پاش شەش ساڵ مانەوە لە ئەڵمانیا داوای جنسیەی ئەڵمانی بکەن، بێگانەکانی تریش دوای هەشت ساڵ، بە مەرجێ کۆچبەرەکە رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- باوەڕی بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی ئەڵمانیا هەبێت
- ماف و دەرفەتی مانەوەی بێ سنووری لە ئەڵمانیا هەبێت
- زمانی ئەڵمانی بە رادەی پێویست بزانێت
- ژیانی خۆی وماڵ ومنداڵی دابین بکات و لە خانووبەرەیەکی گونجاودا بژێیت
- هیچ تاوانێکی نەکردبێت
- واز لە جنسیەکەی پێشووی بهێنێت.

# پەناخوازان و پەنابەری

### مافی پەنابەری چی دەگەیەنێ؟

بەندی 16 ی دەستووری کۆماری ئەڵمانیای فیدرال مافی پەنابەری و پاراستن لە ئەڵمانیا بەوانە دەبەخشێ، کە بەهۆی کاری سیاسی یەوە رووبەرووی هەرەشەو راونان دەبن. پارێزگاری کردن لە راونراوە سیاسیەکان بە گوێرەی رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی جنێف بۆ پارێزگاری کردن لە پەنابەران رێکخراوە. ئەڵمانیاش یەکێکە لەو وولاتانەی ئەم پەیمانەیان مۆرکردووەو پابەندن پێ یەوە.

### لەکوێ و چۆن داوای پەنابەرێتی دەکرێ؟

داواکردنی پەنابەرێتی واتە: داواکردنی وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی بە گوێرەی بەندی 16 ، کۆپلەی 1 ی دەستووری ئەڵمانیا. ئەم داواکاریە، پاش ئەوەی پەنابەرەکە دەگاتە ئەڵمانیا، پێشکەشی دەزگای فیدرالی بۆ دان نان بە مافی پەنابەرانی بێگانە دەکرێت، جا چ بە نووسین بێت یان بە زارەکی. دوای ئەوەی داواکاری یەکە دەگاتە جێگای مەبەست، لە دەزگای پەنابەرێتی پەروەندەیەك بۆ داواکارەکە دەکرێتەوە. ئەمەش پاش ئەوەی پێناسنامەو وێنە و پەنجەمۆر لە پەناخوازەکە وەردەگیرێت. دوای روون کردنەوەی چۆنیەتی هەڵاتن و گەیشتن، دەزگای پەنابەرێتی لێ کۆڵینەوەیەك لەگەڵ پەناخوازەکە سەبارەت بە هۆکانی هەڵاتنی یەوە دەکات. لەم لێکۆڵینەوەیەشدا ئەوە بۆ پەنابەرکە گرنگە، هەموو هۆکانی بەجێ هێشتنی وولاتەکەی بخاتەروو. واتە نەك تەنیا هۆکانی پەناخوازی، بەڵکو ئەو مەترسی یانەش  کە رووبەرووی بوونەتەوەو هەرەشەیان لێ ی کردوەو بوونەتە هۆی ئەوەی وولاتەکەی بەجێ بهێڵێت، وەکو ئەشکەنجەدان و مەترسی لە سێ دارەدان. پێویستە پەناخواز بە بەڵگەنامە راستی ووتە و روونکردنەوەکانی بسەلمێنێ.
داوای پەناخوازی لە لای ئەم دەزگایەی خوارەوە داوا دەکرێت:

**Bundesamt für die Anerkennung**

**ausländischer Flüchtlinge**
Perlengraben 10, 50667 Köln
Tel.: 0221/924 26-0, Fax: 0221/924 26-199
Email: info@bafl.de
Internet: http://www.bafl.de

**کارە سەرەکی یەکان:**
**مەڵبەندی رەسمی پێشوازی کردنی پەنابەران**
**راپەڕاندنی داوای پەنابەرێتی.**

### واتای پەنابەری دان پیانراو (Asylberechtigte) چی یە؟

**پەنابەری دان پیانراو کەسانێکن کە مافی پەنابەری یان بەپێ ی بەندی 16 ی دەستوری ئەڵمانیا (قانوونی بنچینەیی) پێ دراوەو، مافی مانەوەی بێ سنووریان لە ئەڵمانیا وەرگرتووەو، پەساپۆرتی پەنابەریشیان پێ دراوە. بەم پەساپۆرتە دەتوانن لە وولاتانی ئەندامی رێکەوتننامەی جنێف، بێ ئەوەی ڤیزەیان پێوست بێ، بمێننەوە.**
**جۆرێکی دیکەی پەنابەریش هەیە کە پێ ی دەوترێ هەلاتووی دانپیاهێنراو (Anerkannter Flüchtlinge). ئەمانەش ئەو پەناخوازانەن کە داوای پەنابەریەکەیان بە پێ ی بەندی ژمارە 51 پەسەند کراوە. مافی ئەمانە کەمترن لە مافی ئەو پەنابەرانەی بە پێ ی بەندی 16 ا دانیان پیا هێنراوە. ئەمانە بە گوێرەی قانوونی Drittstaatenregelung مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت. چونکە لە یەکێك لەو وولاتانەدا ،کە بەسەریا تێپەریون و پیایا هاتوونەتە ئەڵمانیا، داوای پەنابەری یان نەکردووە، یاخود ناتوانن ئەوە بسەلمێنن کە بە فرۆکە هاتوونەتە ئەڵمانیاوە. ئەم حاڵەتەش گەلێ جار دەبێتە کێشە بۆ ئەو کوردە هەلاتووانەی، کە بەسەر وولاتێکی سێ یەمی ئارام پەنا دێننە ئەڵمانیا و لێرە داوای پەنابەری دەکەن. بۆیە ناچارن چۆنیەتی هاتنیان بۆ ئەڵمانیا روون بکەنەوە. ئەم پەنابەرانە پەساپۆرتی پەنابەری یان پێ دەدرێت لەگەڵ مافی مانەوە لە ئەڵمانیا، کە ماوەکەی تەنیا دوو ساڵە. لەم حاڵەتەدا دەکرێ مافی مانەوەکە پاش دوو ساڵ بگۆڕدرێت بە مافی مانەوەی بێ سنوور، بە مەرجێ پەنابەرەکە کارێکی بەردەوامی هەبێت.**

### پەناخواز (Asylbewerber) کێ یە؟

**پەناخواز ئەو بێگانەیە، کە لەسەر سنوور لای پۆلیس یان لە لای فەرمانگەی بێگانە داوای پەنادان دەکات وبە پەناخواز دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دوابڕیار لەسەر داواکەی لە لایەن فەرمانگەی فیدرالی دان نان بە مافی پەنابەرانی بێگانە، یاخود لە لایەن دادگایەکی بەرپرسی ئەم جۆرە کاروبارانەوە دەدرێت. بەکورتی: پەناخوازان ئەو کۆچکردووانەن کە لە ئەڵمانیا**

داوای مافی پەنابەرییان کردووە. ئەم پەنابەرانە بۆیان هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوەی داواکانیان لە ئەڵمانیا بمێننەوە. بەڵام تەنیا لەو رێ و شوێنەی بۆیان دیاری دەکرێت. ئەوانەی لە هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن دەژیێن، یان لە کۆلن و بۆن، پێویستییان بە رەزامەندی یەکی تایبەتی هەیە لە کاتی چوونیان بۆ شوێنیکی ترو سەفەرکردنیان لە ناو سنووری ئەڵمانیادا. ئەم رەزامەندیەش لە فەرمانگەی بێگانە وەردەگیرێت. گەر لەم رووەوە هەرچی پرسیارێکتان هەیە، روو بکەنە ئەم ئەدرەسانەی خوارەوە:

**amnesty international - ai-Gruppe Bezirkbüro Bonn**
Bonn-Heer Str. 178, 53111 Bonn
Tel.: 0228/98 37 30, Fax: 0228/63 00 36
Email: info@amnesty.de
Internet: http://www.amnestz.de

**Interkulturelles Flüchtlingszentrum Köln (IFK)**
**Irakischer Flüchtlingsrat c/o: IFK**
Turmstr. 3-7, 50733 Köln
Tel.: 0221/73 70 32, Fax: 0221/732 75 85

**Iranische Flüchtlingskinderhilfe e.V.**
Herwarthstr. 12, 50672 Köln
Tel.: 0221/510 24 63, Fax: 0221/510 28 71

**Psychosoziales Zentrum für Flüchtlinge**
Norbertstr. 27, 50670 Köln
Tel.: 0221/13 73 78

### پەنابەری شەڕی ناوخۆ کێ یە؟

پاش هەڵگیرسانی جەنگ لە کۆسۆڤۆ حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری دا، پێشوازی لە پەناخوازانی شەڕی ناوخۆ بکات و داڵدەیان بدات، ئەمانە تا 30 مانگی نۆ (ئەیلوول) ی ساڵی 2000 مافی مانەوەیان پێ بەخشرا و ئێستە دەبێ بگەرێنەوە وولاتەکەیان. ئەگەر بە خۆشی خۆیان نەچنەوە، ئەوا بەزۆر لە ئەڵمانیا دوور دەکرێنەوە. زۆربەی پەنابەرانی شەڕی ناوخۆ لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆ وە هاتوون.

**بڕیاردان لەسەر پەسەندکردنی داوای پەنادان**

ڕێژەی دان هێنان بە داوای پەنابەرێتی لە نێوان 5 ٪ تا 10 ٪ ـەیە. ئەوانەی کە داواکانیان دەدرێتە دواوە، دەبێت ئەڵمانیا بەجێ بهێڵن. ئەگەر بێگانەیەك وەك پەنابەرێکی دانپیانراو دانی پیابهێنرێت (بە پێ ی بەندی 16 ی قانوونی بنچینەیی)، ئەوا لەگەڵ پەساپۆرتێکی پەنابەری دا مافی مانەوەی بێ سنووریشی (unbefristete Aufenthaltserlaubnis) دەدرێتی. ئەم پەنابەرە بارێکی گونجاو بۆ مانەوەی مسۆگەر دەبێت لە ئەڵمانیا، بەڵام مافی هەڵبژاردنی نابێت. ئەگەر بارو دۆخی وولاتەکەشی لە بەرژەوندی ئەما گۆڕا، ئەوا دەکرێت مافی پەنابەری یەکەی لێ بسەندرێتەوە. لەم حاڵەتەشدا مەڵبەندەکانی راوێژکاری پەنابەران ئامادەن راوێژکاری پەنابەرەکە بکەن.

*بڕوانە ئەدرەسەکانی سەرەوە*

**دان نان بەمافی پەنابەرێتی سیاسی بە پێ ی بەندی 16 قانوونی بنچینەیی ئەڵمانیا**

بە گوێرەی بەندی 16 ا ی دەستوری ئەڵمانیا هەر مرۆڤێك لە وولاتەکەی خۆی لەبەر هۆی سیاسی هەرەشەی لێ کرابێت، یان هەرەشەی لێ بکرێت و ترسی گەڕانەوەی هەبێت بۆ وولاتەکەی، بۆی هەیە لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال ببێتە پەنابەر. مرۆڤ بە هەرەشە لێ کراوی سیاسی دەژمێردرێ لەسەر:

- بۆچوون و باوەری سیاسی
- رەگەز
- ئایین
- پەیوەندی بوونی بە گروپێکی کۆمەلایەتی یاخود نەتەوەیی دیاریکراوەوە.

دان بە پەنابەرا دەنرێت، ئەگەر ئەم خالانەی سەرەوە هەڕەشەی لێ بکەن و ژیان و تەندروستی و سەربەستی بخەنە مەترسی یەوە.

**دان نان بەمافی پەنابەرێتی سیاسی بە پێ ی قانوونی 51 ی بێگانان**

ئەم دان نانە هاوسەنگی مافی پەنابەری بەندی 16 ی قانوونی بنچینەیی نی یە. بەڵام پەنابەر بەم دان پیانانە مافی مانەوەی لە ئەڵمانیا پێ دەدرێت و بە گوێرەی رێککەوتننامەی جنێفی پەنابەران پەساپۆرتێکیشی بۆدەکرێت. بەم پەساپۆرتە دەتوانێت، سەفەری هەر وولاتێك بکات، جگە لە وولاتەکەی خۆی. وەرگرتنی مافی مانەوەو پەساپۆرتەکەش هەردووکیان لە لای فەرمانگەی بێگانەی بەرپرس داوا دەکرێن.

**لەئارادابوونی هۆکانی دوورنەخستنەوە بە گوێرەی قانوونی 53 ـی بێگانان**

ئەگەر داوای پەنابەری لە کاتی بڕیاردانا ڕەت کرایەوە، پەنابەر دووچاری مەترسی دوورخستنەوە دەبێت. بەڵام نابێت پەنابەر بۆ وولاتێك دوور بخرێتەوە، کە لەوێ مەترسی لەسەر ژیان وگیان و سەربەستی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیە پەناخواز داڵدە دەدرێت و ماوەی داڵدەدانەکەشی لە سێ مانگ زیاتر نابێت. لەم حاڵەتەدا پەناخواز بۆی هەیە، لە لایەن فەرمانگەی بەرپرس داوای مافی مانەوەو داڵدەدان بکات. بەخشینی مافی مانەوەیەکی مسۆگەر لە بری داڵدەدان بابەتێکە، کە فەرمانگەی بێگانە دەتوانێ لێکی بداتەوەو بڕیاری لەسەربدات.

**ئایا پێویستە منداڵانی تەمەن ژێر 16 ساڵیش داوای مافی پەنابەری بکەن؟**

منداڵ و هەرزەکاری ژێر 16 ساڵی پێوستە داوای پەنابەری بکەن. لەم حاڵەتەدا دەبێ بەهەر شێوەیەك بێت، دەمراستێکیان لەگەڵ دا بێت. وەکو باوە رۆڵی ئەم دەمراستیەش دەکەوێتە ئەستۆی دایك و باوك وخزم و کەسی نزیك. بۆ ئەو منداڵ ولاوانەی کە دەمراستێکیان لە خێزانەکەیان نی یە، فەرمانگەی لاوانی بەرپرس بەرپرسە لە پشتگیری کردنیان و گێڕانی رۆلی دەمراستییان. منداڵان و لاوانی ژێر 16 ساڵی دەبرێنە خانەی لاوانی شارەکان یان خانەی تایبەتی هەرزەکاران. بە گوێرەی قانوونیش لەگەڵ منداڵی پەناخوازی بچووکتر لە 6 ساڵ و لە ئەڵمانیا لەدایك بوودا لێ کۆڵێنەوە ناکرێت.

**بە پەساپۆرتی پەنابەری سەفەر بۆ چ وولاتێك دەکرێت؟**

ئەو پەنابەرە دان پیانراوانەی کە لە لایەن فەرمانگەی بێگانە پەساپۆرتیان وەرگرتووە، دەتوانن بۆ هەموو وولاتێك سەفەر بکەن جگە لە وولاتەکەی خۆیان و ئەو وولاتانەی هەل ومەرجی نالەباریان بۆ دەخولقێنن.

**قانوونی مافە دراویەکانی پەناخواز چی یە؟**

بەشی هەرە زۆری پەناخوازان بۆیان نی یە کار بکەن، بەڵام بە گوێرەی قانوونی مافە دراوی یەکانی پەناخوازان مافی وەرگرتنی یارمەتی کۆمەڵایەتی یان هەیە. لە زۆربەی شارەکان شتە پێویستەکانی وەك خۆراك وخانوو وگەرمکردنەوەی ناوماڵ و جل وبەرگ و چاودێری کردنی لەش وتەندروستی، هەروەها کەل و پەلی ناو ماڵ وەکوو یارمەتی بە پەناخواز دەدرێن. زۆر جاریش لە جیاتی پێ دانی کەل و پەلە پێویستەکان، پارە بە پەناخواز دەدرێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گەورە مانگانە 40 ئۆیرۆ و منداڵ 20 ئۆیرۆ وەردەگرن، سەرەرای کەرەستەی خاوێن کردنەوەو جل وبەرگ. لەزۆر لە شارەکانی هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن پارە دەدرێتە پەناخواز بۆ ئەوەی پێویستی یەکانی ژیانی خۆی پێ دابین بکات.

ئەم یارمەتی یە نابێ لە 80٪ سەرجەمی یارمەتی کۆمەڵایەتی زیاتر بێت. دانی یارمەتی کۆمەڵایەتیش ئەرکی ئەم فەرمانگانەی خوارەوەیە:

**Sozialamt der Stadt Köln**
Johannisstr. 66-80, 50668 Köln
Tel.: 0221/221-259 30, Fax: 0221/221-274 47
Email: sozialamt@stadt-koeln.de

**Amt für Soziales und Wohnen**
Friedrich-Breuer-Straβe. 65, 53225 Bonn
Tel.: 0228/77 48 24, Tel.: 0228/77 48 91
Email: klaus.flinner@bonn.de

**Amt für Soziales und Wohnen der Bundesstadt Bonn**
**(asylbegehrende Ausländer)**
Königswinterer Str. 54, 53227 Bonn
Tel.: 0228/77 63 66, Fax.: 0228/77 63 43
Email: heinz.mohr@bonn.de
Internet: http://www.bonn.de

## دوورخستنەوە پاش ڕەتکردنەوەی داوای پەنادان

ئەگەر داوای مافی پەنادان ڕەت بکرێتەوە، ئەوا پێویستە پەناخواز لە ماوەیەکی سنوور بۆ دانراودا (وەك باوە لە ماوەی 2 تا 4 هەفتە) کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت. بە نامەونووسین بە پەناخواز رادەگەیەنرێت، کەدەبێ ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت. گەر بە خۆشی خۆی ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکات، ئەوا بەزۆرەملێ دوور دەخرێتەوە. بەڵام بۆی هەیە جارێکی تر داوای مافی پەناخوازی پێشکەش بکاتەوە.

## دووبارەکردنەوەی داوای پەنابەری چی یە؟

دووبارەکردنەوەی داوای پەنابەری داوایەکە بە مەبەستی دەسپێکردنەوەی مافی پەنادانە. ئەمەش لە حاڵەتێکدا دێتەکایەوە، ئەگەر پەناخواز خۆی داواکەی خۆی کێشابێتەوە، یاخود پاش ڕەتکردنەوەیەکی دان شکێنی پێشووتری داواکەی، سەرلەنوێ داوایەکی تازەی مافی پەناپێدان پێشکەش بکاتەوە.

ئەم داوایەش تەنیا لە حاڵەتێکدا بۆ لێ کۆڵینەوە دەچێتە بەر دادگا، ئەگەر پەناخوازەکە ئەوە بخاتەبەردەست، کە حاڵەتی واقیعی و قانوونی لە بەرژەوەندی خۆی دا گۆڕاوە.

## نیشتەجێ بوون لە ئۆردوگای پەنابەراندا

بنکەی فەرمانگەی فیدرالی دان نان بە مافی پەنابەرانی بێگانە بۆ دەوروبەری ناوچەی کۆڵن و بۆن لە کۆڵن ـە. ئەویش پەنابەر دابەش دەکات بەسەر دەزگاکانی یەکەم پێشوازی کردن. ئەو پەناخوازانەی لە دەوروبەری کۆڵن و بۆن ـن بەسەر چەندین دەزگای پێشوازی کردندا دابەش دەکرێن. زۆرجار ئەم دەزگا کاتی یانە لە دەوروبەری ناوچەی کۆڵن یاخود بۆن ـن. زۆر جار وا رێك دەکەوێ، کە پەنابەران لە کۆڵن داوای پەنابەری دەکەن و هەر لەوێش داواکەیان لێ وەردەگیرێ، بەڵام لە ناوچەی هێسن (Hessen) یان لە شارۆچکەکانی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتدا دادەمەزرێنرێن. سەختی دامەزراندنی پەنابەران لەو شوێنانەی کەخۆیان ئارەزووی دەکەن لەوەدایە، کە دابەشکردنەکە لە لایەن یەك بنکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر مرۆڤ هۆیەکی بەجێ بخاتە روو، ئەوا دەکرێ داوای ئەوە بکات، بۆ ئەو شوێنە نەنێردرێ کە بۆی دانراوە. ئەم داوایە بۆ پەنابەرانی دەوروبەری ناوچەی کۆڵن و بۆن لە بنکەی دابەشکردنی پەنابەران لە شارۆچکەی ئوونا ماسن (Unna Massen) پێشکەش دەکرێت. واش باوە، کە داواکە رەت دەکرێتەوە. لە حاڵەتێکدا هۆی رەوا لە ئارادابێت (وەك نەخۆشی ی، پەیوەندی خزمایەتی نزیك … هتد) ئەوا داواکە پەسەند دەکرێت.

## پسولەی کارکردن بۆ پەناخوازان

بەپێ ی قانوونی تازە و لە رووی تیۆری یەوە پەناخوازان بۆیان هەیە کاربکەن، گەر بێت وپسولەی کارکردن وەربگرن. پەناخوازان پسولەی کاریان دەدرێتێ، بە مەرجێ ئەڵمان و کۆچبەرانی تریان لە پێش نەبێت (بۆنموونە ئەوانەی هاوسەری ئەڵمانیان هەیە یاخود هاووڵاتی ووڵاتانی یەکێتی ئەوروپان). پسولەی کار بۆ کارێك وکۆمپانیایەك و کاتێکی دیاریکراو دەدرێت و ماوەکەی بەندە بە مافی ماوەی مانەوەو داڵدەدان (Aufenthaltsgestattung oder Duldung) ـی پەناخوازەکە. درێژی ئەم پسولەیە لە شەش مانگ تێناپەرێ و دەشێت تەنیا بۆ یەك مانگیش بێت.
لایەنە بەرپرسەکانی دانی پسولەی کارکردن بە پەنابەران لێرەدا فەرمانگەکانی کاری شاری بۆن و کۆڵن ـن.

## فێرکردن و قوتابخانە بۆ هەرزەکارانی پەناخواز

منداڵی پەناخواز مافی خوێندنی هەیە، بەڵام ئەرك نی یە لەسەری بچێتە قوتابخانە. واتە ئەگەر باوك و دایك نەیانەوێت منداڵەکەیان بچێ بۆ قوتابخانە، ئەوا منداڵەکە لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. بێ گومان لەم حاڵەتەشدا منداڵەکە گیروگرفتی بۆ دروست دەبێت، چونکە ناتوانێت وەك هاورێکانی تری، ئەوانەی ئەڵمانن، زمانی ئەڵمانی بزانێ و قسەی پێ بکات. لە

لایەکی تریشەوە هەرزەکاری پەناخواز دوای تەواوکردنی قوتابخانە سەرەکی یەکان بۆی نی یە لە دانشگا درێژە بە خوێندن بدات.

# بەشداری ی سیاسیانە، کەوتنە سەردەستخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی

## ناوەندو دەزگا خۆبەڕێوەبەرەکان

هەر وەك لە کۆلن واش لە بۆن ژمارەیەکی زۆری دامەزراوی لەیەکچووی دەزگای خۆبەڕێوەبەر و ناوەند و ئینستیتووت و دامەزراوی کوردی هەن بۆ ئەنجامدانی بەرژەوەندی و خواستەکانی کۆچبەران. ئەم دام ودەزگایانە هەوڵ دەدەن بە ڕێگای راگەیاندن و روون کردنەوەو راوێژکردن و گێڕانی سمینارو نواندنی چالاکی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردی ئارەزوو و بەرژەوەندیەکانی کۆچبەر باشتر بهێننە دی. لەسەر ئاستی شارەکان دا دەست پێشکەری و چالاکی کاروباری کۆچبەران لە ڕێگەی فەرمانگەی هەمە کولتوری شاری بۆن و فەرمانگەی نێونەتەوەیی کولتوری لە کۆلن ڕێك دەخرێن. کاروباری کوردەکان لە لایەن ئەو دەزگا خۆبەڕێوەبەرە کوردیانەوە ئەنجام دەدرێن، کە بایەخ بە پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی و کولتوورو لێکۆلینەوەو زمانی کوردی دەدەن. بەشی زۆری ئەم دەزگایانەش ڕێکخراوی سیاسی وکۆمەڵایەتین و بایەخ بە مافی مرۆڤ و یەکسانی دەدەن. هەروەها راوێژکاری ویارمەتی دانی پەنابەرانی کورد لە لایەنی ژمارەیەکی تری دەزگاکانی راوێژکاری شارو کەنیسەو ریکخراوە مرۆڤایەتیەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

**Ausländerbeirat der Stadt Köln**
**Stadtverwaltung Interkulturelles Referat**
Johannisstr. 66-80, 50668 Köln
Tel.: 0221/221-230 22, Fax: 0221/221-231 96
Email: maria.nolden@stadt-koeln.de

**Referat für Multikulturelles**
**Amt für Soziales und Wohnen der Bundesstadt Bonn**
Budapesterstr. 17, 53111 Bonn
Tel./Fax.: 0228/77 35 11
Email: gunter.rzepka@bonn.de
**Der Paritätische Wohlfahrtsverband - Kreisgruppe Köln**
Marsilstein 4-6, 50676 Köln
Tel.: 0221/95 15 42-0, Fax: 0221/95 15 42-42

Email: KGKoeln@paritaet-nrw.org

**Arbeiterwohlfahrt (AWO)**
**Kreisverband Köln e.V / Beratung für Ausländer**
Beratung für Ausländer
Rubensstr. 7-13, 50667 Köln
Tel.: 0221/204 07-0, Fax: 0221/204 07 63
Email: geschaeftsstelle@awo-koeln.de
Internet: http://www.awo.de

**Arbeiterwohlfahrt (AWO)**
**Ortsverein Bonn-Stadt e.V.**
Liegnitzer Straβe 14, 53119 Bonn
Tel.: 0228/76 73 29-0, Fax: 0228/76 73 29-1
Internet: http://www.awo-bonn.de

**Caritasverband für die Stadt Bonn e.V.**
Fritz-Tillmann-Straβe 8, 53113 Bonn
Tel.: 0228/108-204, Fax: 0228/108-200
Email: Kontakte@caritas-bonn.de
Internet: http://www.caritas-bonn.de

**Internationaler Verein für Menschenrechte**
**der Kurden (IMK) e.V.**
Postfach 20 07 38, 53137 Bonn
Tel.: 0228/36 28 02, Fax: 0228/36 32 97
Email: IMK-Bonn@t-online.de

**NAVEND – Zentrum für Kurdische Studien e.V.**
Bornheimer Straβe 20-22, 53111 Bonn
Tel.: 0228/65 29 00, Fax: 0228/65 29 09
Email: info@navend.de
Internet: http://www.navend.de

## ئەنجومەنی بێگانە (Ausländerbeirat) چ رۆڵێك دەگێڕێ؟

**ئەنجومەنی بێگانە تاکە دەزگای ڕەسمی یە بۆ ئەو کۆچبەرە بێگانانەی لە ئەڵمانیا دەژیێن وماڤ هەڵبژاردنیان نی یە، تا بتوانن لە ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر ژیانی سیاسی کۆچبەر لەو شوێنانەی کە لێی دەژیێن بکەن. ئەنجومەنی بێگانە دەوری ڕاوێژکاریی دەگێڕێت ولە لایەن کۆچبەرانەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و ئەم ئەرکانەی خوارەوەی پێ دەسپێردرێت:**

- **نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندی یەکانی کۆچبەر لە لای ئەنجومەنی شارو بەڕێوەبەری باڵای شارەوانی**
- **پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئەڵمان و کۆچبەر و تێکەڵ بوونیان لە ناو کۆمەڵگەدا**
- **شان بەشانی ئەنجومەنی شارو بەرێوەبەری باڵای شارەوانی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی یەکانی کۆچبەر دەکات بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەڵماندا بەیەکەوە بژیێن**
- **چاککردنی هەلومەرجی ژیان و پێداویستی یەکانی بێگانە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی**
- **هاوکاری لەگەل ئەو بنکەو ناوەندانە دەکات، کە خەریکی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کۆچبەرن و یارمەتی یان دەدات**
- **لە سیاسەت و کۆمەڵگادا داوای ماڤ هەڵبژاردن و بەدی هێنانی خواستەکانی بێگانە دەکات.**

**ئەنجوومەنی بێگانەی شاری بۆن:**

**Ausländerbeirat der Bundesstadt Bonn**
- Geschäftsstelle -
Rathausstraβe 3, 53225 Bonn
Tel.: 0228/77 26 95, Fax.: 0228/77 26 96
Email: sabine.hunderieser@bonn.de
Internet: http://www.bonn.de/auslaenderbeirat

**Ausländerbeirat der Stadt Köln**
Stadtverwaltung Interkulturelles Referat
Johannisstr. 66-80, 50668 Köln
Tel.: 0221/221-231 95, Fax: 0221/221-231 96

**Landesarbeitsgemeinschaft der Ausländerbeiräte NRW (LAGA NRW)**
Helmholtzstr. 28, 40215 Düsseldorf
Tel.: 0211/9 94 16-0, Fax: 0211/9 94 16-15
Email: info@LAGA-NRW.de
Internet: http://www.LAGA-NRW.de

## < فێرکردن و زمان

### فێرکردن له قوتابخانه‌کان

**خوێندن و فێربوونی پیشه‌یه‌ك شوێن و پایه‌یه‌کی تایبه‌تی هه‌یه له پرۆسه‌ی خۆگونجاندنی کۆمه‌لایه‌تی له‌م کۆمه‌ڵگایه‌دا. ته‌واوکردنی خوێندن له قوتابخانه‌یه‌ك و فێربوونی پیشه‌یه‌ك به سه‌رکه‌وتوویی زۆر گرنگن بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤ شوێن پێ ی خۆی له ناو کۆمه‌ڵگادا بکاته‌وه‌و سه‌ربکه‌وێت، تا بتوانێ له کۆمه‌ڵگای کۆماری فیدرالی ئه‌ڵمانیا به شێوه‌یه‌کی درێژخایه‌ن و پته‌و خۆی بگونجێنێ و په‌ره به خۆی بدات.**

**Schulamt für die Stadt Bonn**
- Beratungsstelle für ausländische und spätausgesiedelte Kinder und Jugendliche -
Bottlerplatz 1, 53111 Bonn
Tel.: 02 28/77 57 55, Fax: 0228/77 42 16

**Schulamt der Stadt Köln**
**Stadthaus Deutz**
Willy-Brandt-Platz 3, 50679 Köln
Tel.: 0221/221-2 92 77
Email: schulamt@stadt-koeln.de
Internet: http://www.stadt-koeln.de/aemter/40/401

**Regionale Arbeitsstelle zur Förderung von Kindern und Jugendlichen aus Zuwandererfamilien (RAA-Köln)**
Willi-Brandt-Platz 3, 50679 Köln
Tel.: 0221/221-2 92 92, Fax: 0221/221-2 91 66
Email: raa.schulverwaltungsamt@stadt-koeln.de
Internet: http://www.raa.de

**Regionale Arbeitsstellen zur Förderung von Kindern und Jugendlichen aus Zuwandererfamilien (RAA)**
- Hauptstelle -
Tiegelstr. 27, 45141 Essen

Tel.: 0201/83 28-301, Fax: 0201/83 28-333
Email: hauptstelle@raa.de
Internet: http://www.raa.de

**سیستەمی خوێندن لە ئەڵمانیا چۆنە؟**

**لە سیستەمی سیاسی ئەڵمانیادا خوێندنی قوتابخانەکان لە دەست هەرێمەکاندایە. هەر هەرێمێك خۆی ناوەڕۆك و ئامانجی خوێندنەکە دیاری دەکات. لە هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن منداڵ هەر چۆنێ بووە، دەبێ دە ساڵ بخوێنێ. ئەمەش لەسەر منداڵ و هەرزەکارانی خێزانە کۆچکردووەکان دەچەسپێ. خوێندنی سەرەتایی چوارساڵە دەبێت هەموو منداڵێك بیخوێنێ. دوای ئەم چوار ساڵە منداڵان دەچن بۆ قوتابخانەی تر، کە باوك و دایکیان هەڵی دەبژێرن وبڕیاری بۆ دەدەن. شایەنی باسە ئامۆژگاری کردن و راوێژکاری مامۆستاکان گرنگە لە جۆری هەڵبژاردنی قوتابخانە بۆ منداڵان. چونکە مامۆستاکە رادەو پلەی چوختی و زیرەکی و هوشیاری منداڵەکە دەزانێ، بەم شێوەیە منداڵەکە دەچێتە یەکێك لەم قوتابخانانە:**
Gesamtschule وـ Gymnasium Realschule Hauptschule.

**لە درێژەپێ دانی خوێندن دا رەچاوی شێوەی تەواو کردنی قوتابخانەکانی پێشووتر دەکرێت. دەبێ جارێکی کەش ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە لە فێرگە پیشەییەکاندا پێویستە بڕوانامەی تەواوکردنی خوێندن نوێ بکرێتەوە، یاخود جارێکی دی وەربگیرترێت.**

**تەواو کردنی خوێندن لە فێرگەکان دەکرێت بە سێ بەشەوە:**

- **خوێندنی بنچینەیی لە نۆرد راین ڤێست فالن دە ساڵە. ئەمەش ماوەی خوێندنی بە زۆرەملێ دەگرێتەوە. بە هەبوونی بڕوانەمەیەکی خوێندن (بۆنموونە لە قوتابخانەیەکی سەرەکی Hauptschule دا) دەتوانرێت دەست بە بوارێکی خوێندنی پیشەیی بکردرێت**
- **قۆناغی خوێندنی ناوەندی دە ساڵ دەخایەنێ (ئامادەیی Realschule, Gymnasium یان Gesamtschule) ومەرجیشە بۆ خوێندن لەفێرگەی پیشە بازرگانیەکان (Kaufmännische Ausbildungsberufe)**
- **خوێندنی بەرزتر 13 ساڵ دەخایەنێ (Gymnasium Gesamtschule) و بڕوانامەی ئامادەیی پێ وەردەگیردرێت. ئەمەش مەرجە بۆ هەر خوێندکارێك بیەوێ لە دانیشگایەك یاخود لە پەیمانگایەکی باڵادا بخوێنێت.**

**قوتابخانەی تایبەتی (Sonderschule) چی یە؟**

**زۆربەی ئەو قوتابخانە تایبەتی یانەی کە منداڵانی "بێگانە" تێیدا دەخوێنن، بۆ ئەو منداڵانە دانراون کە پێویستیان بە پشتگیری کردنێکی تایبەتی هەیە. جا ئەمەش چ بەهۆی کێشەیەکی تەندروستی یەوە بێت، یاخود بەهۆی گیروگرفتی**

پەروەودەو فێرکردن و هەندێ بابەتی دیکەی دیاری هەلسوکەوتی نائاسایی ئەو منداڵانەوە بێت. لەم قوتابخانە تایبەتی یانەدا چارەسەری گیروگرفتی یەك یەکەی ئەو منداڵانە دەکرێت. مامۆستای مەشق پێ دراوی تایبەتیش لەوێ پەرە بە توانای ئەو منداڵانە دەدات. منداڵانی "بێگانە" زۆرجار رەوانەی ئەم قوتابخانە دەکرێن، چونکە گیروگرفتی زمانیان هەیە، یاخود ناتوانن بەئاسانی خۆیان لەگەڵ ئەرك و کارەکاندا بگونجێنن.

**باخچەی منداڵان (Kindergärten) و شوێنەکانی چاودێری منداڵان (Kindertageseinrichtungen) چین؟**

ئەو منداڵانەی تەمەنیان نەگەیشتووەتە تەمەنی خوێندن (تا تەمەنی 6 ساڵی)، دەتوانن لە ئەڵمانیا بچنە یەکێك لە باخچەکانی منداڵان یاخود شوێنەکانی پەروەردەی منداڵان. لە ئەڵمانیا جگە لە باخچەی منداڵانی شارەکان، باخچەی منداڵانی سەر بە کەنیسەو هی تایبەتی یش هەن، کە دەکرێت بە تۆمارکردنێکی تایبەتی منداڵیان بۆ بنێردرێت. ناردنی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان بە ئارەزووە و ئەرك نیە. واش باوە کە دایك و باوك پشتگیری لێ دەکەن و پارەکەشی دەدەن. یارمەتی دەوڵەتیش بۆ ئەو خێزانانە دابین دەکرێت، کە لە رووی کۆمەڵایەتی یەوە کەم دەرامەتن.
چوونی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان بۆ منداڵی کۆچبەران و – هەروەها بۆ منداڵی کوردیش – ئەم پێداویستی یانەی پەروەردەو فێرکردن دەرەخسێنێ:

- پێ ڕاگەیشتنێکی خێرا و چارەسەرکردنی کەلێنەکانی گەشەسەندن
- فێربوونی زمانی ئەڵمانی بە یاری کردن وتێکەڵاوبوون لەگەڵ منداڵانی ئەڵماندا
- بەلاداخستنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە لەبەردەم پرۆسەی خۆگونجاندن دا دێنە پێش
- ئاسان کردنی چوون و رۆیشتن بۆ قوتابخانەی ئەڵمانی زمان.

**زمان و فێرکردن**

کەمی شارەزایی لە زمانی ئەڵمانی منداڵانی کۆچبەر یەکێکە لە گەورەترین تەنگ و چەڵەمەکانی قوتابخانە وفێربوونی پیشەیی. گەشەپێ دان و فراوان کردنەوەی زانینی زمانی ئەڵمانی مەرجێکی گرنگن بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانەو پیشەدا. زانینی زمان بەشێکی بنچینەیی یە بۆ گفتوگۆکردن و خۆگونجاندن. ژمارەیەکی زۆری دامەزراوی هەمەچەشنە هەن (وەك Volkshochschule, IB, Otto Benecke Stiftung هتد)، کە کۆرسی فێربوونی زمانی ئەڵمانی پێشکەش دەکەن.

**Otto Benecke Stiftung e.V. (OBS)**
Kennedyallee 105-107, 53175 Bonn
Tel.: 0228/81 63-0, Fax: 0228/81 63-300

Email: OBS-eV@t-online.de
Internet: http://www.obs-ev.de

**Internationaler Bund (IB)**
Mozartstr. 9, 50674 Köln
Tel.: 0221/21 04 07, Fax: 0221/21 04 08
Email: monika.blau@internationaler-bund.de
Internet: http://www.internationaler-bund.de

**Volkshochschule Bonn**
- Stadthaus -
Berlinerplatz 2, 53103 Bonn
Tel.: 0228/77 36 90, Fax: 0228/77 36 71
Email: vhs@bonn.de
Internet: http://www.bonn.de/vhs

**Volkshochschule Köln**
Studienhaus und Forum am Neumarkt
Josef-Haubrich-Hof 2, 50676 Köln
Tel. 0221/221-259 90, Fax: 0221/221-228 56
Email: vhs.rzi@stadt-koeln.de

**Goethe Institut Bonn**
Freidrich-Ebert Str. 11, 53177 Bonn
Tel.: 0228/957 56-0, Fax: 0228/957 56-23
Email: bonn@goethe.de
Internet: http://www.goethe.de

**Carl Duisberg Gesellschaft e.V. Köln**
Weyer Str. 79-83, 50676 Köln
Tel.: 0221/20 98-0, Fax: 0221/20 98-111

واباوه بۆ منداڵی کۆچبەر وانەیەکی جیا لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە بۆ فێربوونی زمانی دایك دەوترێتەوە. ووتنەوەی وانەی زمانی دایك بۆ منداڵانی کورد لە هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن – هەر وەك لە دەوروبەری کۆڵن و بۆن یش دا – لە خوێندنی ساڵی 1998/1997 ـەوە تەنیا بۆ منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی (پۆلی 1–4) پێشکەش دەکرێت. زانیاری پتر لەم بارەوە لە لایەن لیژنەی باڵای قوتابخانەکان یاخود فەرمانگەی قوتابخانەکان بەدەست دەهێنرێت.

**وانەی زمانی دایك بۆ منداڵانی کورد لە بۆن:**

**Carl-Schurz-Schule**
Hirschberger Str. 1, 53119 Bonn / Tannenbusch

**Münsterschule (Medienzentrum)**
2. Stock / Zimmer 115
Ries Str. 1, 53113 Bonn

**وانەی زمانی دایك بۆ منداڵانی کورد لە کۆڵن:**

**Grundschule**
Alte Wipperfürther Str. 49, 51065 Köln-Buchheim
Tel.: 0221/69 12 09

**Konrad-Adenauer-Grunschule**
Konrad-Adenauer-Str., 51149 Köln-Porz
Tel.: 02203/335 88

**Riepan-Grundschule**
Riepanstr. 40, 50769 Köln-Chorweiler (Seeberg)
Tel.: 0221/22-19 63 73

## رێکخستنی قانوونی بۆ ناوی کوردی

ماوەیەکی زۆر فەرمانگەکانی کاروباری شەخسی نەیان دەویست، دان بە ناوی کوردی بۆ منداڵانی کوردی تورکیا بهێنن وناوەکانیان تۆماربکەن. لە کاتی تۆمارکردنی ناودا ئەم فەرمانگانە پەنایان دەبردە بەر لیستەی ئەو ناوانەوە، کە لە لایەن نوێنەرایەتی (باڵوێزخانە و قونسلخانەی) ئەو وولاتەوە خرابووە بەر دەستیان. پاش کۆششێکی چڕوپڕ لە ساڵانی رابردوودا رەخسا ئەوە بسەلمێنرێ، کە بەم کردەوەیە مافی کەسایەتی کورد پێشێل دەکرێت.

ئێستە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان لەو بڕوایەدایە، کە نابێت هیچ شتێك بەرگری لە تۆمارکردنی ناوی کوردی لە سجلی ناودا بکات. ئەمەش خاتوو ئوتە فۆگت (Ute Vogt) ی ئەندامی پەرلەمانی فیدرالی لە روون کردنەوەیەك بۆ رای گشتی و، لە نامەیەکی دا بۆ وەزیری ناوخۆی فیدرالی ئۆتۆ شیلی (Otto Schily) چەسپاندی و تکای ئەوەی لێ کرد، ئەم هەڵوێستە بە وەزارەتی هەرێمەکان رابگەیەنێ و فەرمانگەکانی کارو باری کەسایەتی لێ ئاگادار بکاتەوە. بەم شێوەیە تۆمارکردنی ناوی کوردی لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی رەسمی رێکخرا. لیژنە فیدرالی یەکانی کاروباری خێزان و بەساڵاچووان و ئافرەت و منداڵان، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ و یارمەتی مرۆڤایەتیش پێشووتر دەنگیان بۆ تۆمارکردنی ناوی کوردی دابوو.

## چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە ئەڵمانیا لە دانشگا بخوێنێ؟

ئەگەر بێگانە لە ئەڵمانیا بخوێنێ، سوودێکی سیاسی و ئابووری گەورەی هەیە بۆ ئەڵمانیا. چونکە ئەم خوێندکارانە بیروبۆچوون و تاقی کردنەوەی تازە لەگەڵ خۆیان دێنن. دەتوانن لە داهاتوودا بە سینگێکی فراوانەوە لە وڵاتەکانی خۆیاندا بڕواننە بەرژەوەندی یە سیاسی وئابوورییەکانی ئەڵمانیا.خوێندکاری بێگانە هەمیشە پسولەیەکی مافی مانەوەی دوو ساڵی پێ دەدرێ. ژمارەی خوێندکاری بێگانەی کورد لە ئەڵمانیا زۆر کەمە. لەسەروی ئەمەشەوە ئەو خوێندکارە کوردانەی، کە لێرە دەستیان بە خوێندن نەکردووە، تووشی گەلێ گیروگرفت دەبن. جگە لە گیروگرفتی زمان و تەنگ و چەڵەمەی دارایی ناچارن کە خوێندنەکەیان بە پەلەو لە چەند زمستەرێکی دیارکراودا کۆتایی پێ بێنن، ئەگەر نا، ئەوا ڤیزەکانیان بۆ درێژ ناکرێتەوە.

**Akademisches Auslandsamt**
Poppelsdorfer Allee 53, 53115 Bonn
Tel.: 0228/73 72 93
Email: info-aaa@uni-bonn.de
Internet: http://www.uni-bonn.de

**AstA der Universität Bonn**
Studentische Selbstverwaltung
Nassestrasse 11, 53113 Bonn
Tel.: 0228/73 70 30, Fax.: 0228/26 22 10
Email: info@asta.uni-bonn.de
Internet: http://www.asta.uni-bonn.de

**Akademisches Auslandsamt**

**der Universität zu Köln**
Kerpener Str. 4, 50931 Köln
Tel.: 0221/470-23 32, Fax: 0221/470-50 16
Email: aaa@verw.uni-koeln.de

**AstA autonomes Ausländerreferat**
**der Universität zu Köln**
Universitätsstr. 16, 50937 Köln
Tel.: 0221/470 62 51, Fax: 0221-470 50 71
Email: asta-oeffref@uni-koeln.de

### کێ مافی وەرگرتنی بافوگ (مانگانەی خوێندکارBAföG) ی هەیە؟

**ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لێرە خوێندنی ئامادەیی یان تەواوکردووە، بە پێ ی پێوانەی نوێ ی خوێندن، وەك خوێندکاری ئەم وولاتە تەماشادەکرێن و وەکو خوێندکاری ئەڵمان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. ئەمانە مافی وەرگرتنی مانگانەی خوێندکارانیان بە رەچاوکردنی داهاتی مانگانەی دایك و باوکیان بۆ دەبڕدرێتەوە. واتە لە کاتی خوێندنیاندا داوای ئەوەیان لێ دەکرێت، کە داخوازی وەرگرتنی بافوگ بە نووسین لای فەرمانگەی بافوگ بۆ خوێندنی باڵا پێشکەش بکەن. هەروەها ئەو پەنابەرە سیاسیانەی کە دەیانەوێ بخوێنن مافی وەرگرتنی بافوگ یان هەیە. بەڵام ئەو خوێندکارە بێگانانەی کە بە مەبەستی خوێندن هاتوونەتە کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا مافی وەرگرتنی بافوگ یان نی یە.**

**Studentenwerk Bonn**
Nasse Str. 11, 53113 Bonn
Tel.: 0228/73 71 99, Fax: 0228/73 71 04
Email: studentenwerk@uni-bonn.de

**Kölner Studentenwerk**
Universitätsstraβe 16, 50937 Köln
Tel.: 0221/94 26 5-0, Fax: 0221/94 26 5-115
Email: info@kstw.de

### شتودیەن کۆلێج (Studienkolleg) (کۆلێژی خۆئامادەکردن بۆخوێندن لە دانیشگا) چی یە؟

بۆ خوێندکاری بێگانە، هەر وەکو بۆ خوێندکاری کوردیش، ماوە هەیە، لە شتودیەن کۆلێج دا بخوێنن، بە مەرجێ بتوانن ئەوە بسەلمێنن، کە لە وولاتەکەی خۆیاندا خوێندنی ئامادەیی یان تەواوکردوە. دوای دوو سالّ خوێندن لە شتودیەن کۆلێج دەتوانن دەست بە خوێندن لە دانشگایەك یان لە پەیمانگەیەکی زانستی بکەن. لەو کاتەش دا دەبێ خوێندکار پلەیەکی باش بەدەست بهێنێت.

**Studienkolleg für ausländische Studierende**
**an der Universität Bonn**
Adenauerallee 10, 53113 Bonn
Tel.: 0228/737 550 und 878, Fax.: 0228/73 70 79
Email: studienkolleg@uni-bonn.de
Internet: http://www.uni-bonn.de

**Studienkolleg der Universität zu Köln**
Albert-Magnus/Platz, 50923 Köln
Tel.: 0221/43 57 68, Fax: 0221/943 95 42
Email: studienkolleg@uni-koeln.e
Internet: http://www.uni-koeln.de/studienkolleg

**Fachhochschule Köln**
Studienkolleg für ausländische Studierende
Betzdorfer Straβe 2, 50679 Köln
Tel.: 0221/82 75-21 19, Fax : 0221/82 75-28 36

### مرۆڤ چۆن دەتوانێت بڕوانامەی قوتابخانە، بڕوانامەی ئامادەیی و بڕوانامەی دانیشگا لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرالی دا ساخ بکاتەوە

هەر وەکو ئاشکرایە دەبێت بڕوانامەی قوتابخانەی ئامادەیی ودانیشگا لە لایەن وەرگێڕێکی سوێندراوەوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئەڵمانی. ئەگەر مرۆڤ بی یەوێ بەم بڕوانامانەی لەسەر خوێندن لە کۆماری فیدرالی ئەڵمانیا دا بەردەوام بێت، دەبێت بڕوانامە ئەسلیەکانی بخاتەبەردەست دام ودەزگای بەرپرس. هەروەها دەبێت بڕوانامەکان لە لایەن سەرۆکایەتی حکومەت یان لە لایەن وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری زانست و لێ کۆلێنەوە لە هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن ساخ

بکرێنەوەو دانیان پیا بهێنرێت. ئینجا پلەو قۆناغی بڕوانامە بێگانەکە دیاری دەکرێت. ئەنجامدانی ئەم کارەش بە دانی بڕێ پارەیە بە فەرمانگەی بەرپرس.

**Regierungspräsident Köln**
Zeughausstr. 2-10, 50667 Köln
Tel.: 0221/147-0, Fax: 0221/147-31 85
Email: poststelle@bezreg-koeln.nrw.de

## کتێبخانەگشتی یەکانی بۆن و کۆڵن

هەر کەسێك بە بەردەوامی لە شاری بۆن یان لە کۆڵن نیشتەجێ بێت، دەتوانێت ببێت بە ئەندامی کتێبخانەگشتی یەکان و، بۆی هەیە کتێب وکاسێتی ڤیدیۆ و CD بۆ ماوەیەکی دیار بە قەرز وەربگرێت.

**Stadtbibliothek Bonn**
- Zentralbibliothek -
Bottlerplatz 1, 53111 Bonn
Tel.: 0228/77 36 58, Fax: 0228/77 58 86
Email: stadtbibliothek@bonn.de
Internet: http://www.bonn.de/stadtbibliothek

**Stadt-Bibliothek der Stadt Köln**
- Zentralbibliothek -
Josef-Haubrich-Hof 1, 50676 Köln
Tel.: 0221/221-238 28, Fax: 0221/221-225 19
Email: direktion@stbib-koeln.de
Internet: http://www.st-bib-koeln.de

## < خانووبەرەو کاروباری کۆمەڵایەتی

### چۆن بە دوای خانوودا دەگەڕێم؟

هەر مرۆڤێك بۆی هەیە بە دوای خانوویەکدا بگەڕێت، کە لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆیدا بگونجێت. بەر لە هەموو شتێك پێویستە کە داواکاری یەك پێشکەش بە کۆمپانیای خانووبەرەی شوێنەکەی بکات. لە حاڵەتی ئەو خێزانانەی یان ئەو کەسانەی لە بارێکی کۆمەڵایەتی سەختدان وا پێویستە پسولەی ماف وەرگرتنی خانوو (Wohnberechtigungsschein) وەدەست بخەن. جا دەبێتە نۆبە نۆبە و هەر کەسێك کە نۆبەی هات، خانووێك بەکرێ وەردەگرێت. زۆر جار هەوڵی تاکە کەسیش

گرنگه بۆ دۆزینەوەی خانوو. هەروەها مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەشەوە بەدوای خانوو دا بگەڕێت. لە ئینتەرنێت یان لە ڕێگای کۆمپانیاکانی خانوو بەرەش دەکرێت مرۆڤ بە دوای خانوودا بگەڕێت. لە کاتێکیش دا لە ڕێگەی دەڵاڵەوە خانوو بگیرێت، دەبێ پارەی دەڵاڵی بدرێت. پارەی دەڵاڵی یەکەش بە ڕادەی کرێ ی خانووەکەوە بەندە. زۆر جار خاوەن ماڵ یان کۆمپانیاکانی خانووبەرە داوای کاوتسیۆن (متمانەی دراوی)(Kaution) دەکەن (کە وەکو باوە بریتی یە لە کرێ ی دوو تا سێ مانگی خانووەکە). سەرەڕای ئەمەش داوای خەرجی تری لاوەکی خانوو (Nebenkosten) دەکرێت (وەکو پارەی وەلادانی زبڵ، سەرف کردنی ئاو، ڕووناکی و ئاوەڕۆ و... هتد).

**Amt für Wohnungswesen - Johannishaus -**
Johannisstr. 66-80, 50668 Köln
Tel.: 0221/221-242 00, Fax: 0221/221-231 00
Email: wohnungsamt@stadt-koeln.de
Internet: http://www.stadt-koeln.de/aemter/56

**Stadt Bonn, Amt für Soziales und Wohnen**
- Wohnberatungsstelle -
Berliner Platz 2, 53103 Bonn
Tel.: 0228/77 30 63, Fax: 0228/77 54 77
Email: birgitt.hillebrenner@bonn.de

**دەبێ لە کاتی ماڵ گواستنەوەدا ڕەچاوی چی بکەم؟**

پێویستە ماڵ گواستنەوە لە ناو شارێك دا یاخود شارەوانی یەکدا لە ماوەی 7 ڕۆژدا لای فەرمانگەی خانووبەری هاووڵاتیان (Einwohnermeldeamt) تۆمار بکرێت. ئەو کەسانەی ماڵ دەگوازنەوەو ناویان تۆمار دەکرێت، دەبێ بچنە فەرمانگەی تۆمار کردن و ناسنامەو پەیمانی کرێگرتنی ماڵە تازەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن.
ماڵ گواستنەوە بۆ شارێکی دیکە تۆزێ جیاوازە. حەوت ڕۆژ پێش ماڵ گواستنەوە بۆ شارێکی تر، دەبێ مرۆڤ لەو شارەی کە بەجێ ی دێڵی، ناوی خۆی بسڕێتەوە (abmelden). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پەیمانی کرێگرتنی ماڵە تازەکەی بخاتە بەردەست فەرمانگەی تۆمارکردنی شارە کۆنەکەی. ئەو کەسانەی ماڵ دەگوازنەوە بۆ شارێکی تر وناویان تۆمار دەکرێت، دەبێ بچنە فەرمانگەی تۆمار کردنی شارە تازەکەیان و ناسنامەو پەیمانی کرێگرتنی ماڵە تازەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن و لەوێ وە خۆیان ناونووس بکەن.

**پارەی خانوو (Wohngeld) چی یە و کەی مافی وەرگرتنی ئەم پارەیەم هەیە؟**

**ئەو کرێچی یەی لەسەر یارمەتی کۆمەڵایەتی دەژیێت، ماف وەرگرتنی پارەی خانوو** (Wohngeld) **ی هەیە. دەبێت داواکەی پێشکەش بە فەرمانگەی خانووبەرە** (Wohnnungsamt) **یاخود فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خانووبەرە** ( Amt für Soziales und Wohnen) **بکات. ئەم فەرمانگەیانە لە داواکەی دەکۆڵنەوەو بڕیاری لەسەر دەدەن، کە ئایا ئەو کەسە ماف وەرگرتنی پارەی خانوو** (Wohngeld)**ـی هەیە یان نا. جگە لە پارەی خانووش مرۆڤ دەتوانێ داوای یارمەتی کرێ** ( Mietschuss) **بۆ کرێچێتی خانوویەك یان ژوورێك پێشكەش بكات.**

***بڕوانە: فەرمانگەی خانووبەرەی شاری کۆڵن***

***بڕوانە: فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خانووبەرەی شاری بۆن***

## لە کوێ دەتوانم داوای پارەی خانوو بکەم؟

**هەموو کەسێك دەتوانێت بە نووسین لای فەرمانگەی خانووبەرە** Wohnungsamt **داوای پارەی خانوو بكات. بۆ وەرگرتنی پارەی خانوو لە چەند لایەنێك دەکۆڵدرێتەوەو، پاشان بڕیاری لەسەر دەدرێت. هەندێك لەم لایەنانە ئەمانەی خوارەوەن:**

- **ژمارەی ئەو کەسانەی لە خانووەکەدا دەژیێن**
- **دەرامەتی خێزان**
- **گرانی کرێ**
- **ڕێکەوتننامەی کرێ**
- **پسولەیەك لە لایەن خاوەنكار سەبارەت بە دەرامەتی کارمەند.**

***بڕوانە: فەرمانگەی خانووبەرەی شاری کۆڵن***

***بڕوانە: فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خانووبەرەی شاری بۆن***

## چۆن پسولەی ماف وەرگرتنی خانوو (Wohnberechtigungsschein) م دەست دەکەوێ؟

**ئەو کرێچییانەی لەسەر یارمەتی کۆمەڵایەتی دەژیێن یان دەرامەتیان کەمە پسولەی ماف وەرگرتنی خانوو** ( Wohnberechtigungsschein) **یان پێ دەدرێ. ئەم پسولەیە بە پێ ی ڕادەی پەلەکاری و ناچاریی بریتی یە لە** 1 **تا** 13 **پلە و لە حاڵەتی تایبەت دا دەدرێت. ئەم داواکاری یە لە لایەن فەرمانگەی خانووبەرەی کۆڵن و فەرمانگەی کۆمەڵایەتی و خانووبەرە لە بۆن لێ ی دەکۆڵدرێتەوەو پەسەند دەکرێت. بەم پسولەیە دەکرێت ئەو خانووە کۆمەڵایەتیانەی کە پشتیوانی**

دەوڵەتیان لێ کراوە، بە کرێ یەکی کەمتر بە کرێ بگیردرێن. لە کاتی بە کرێ گرتنی خانووی کۆمەڵایەتی لە کۆمپانیاکانی خانووبەرەی شاردا دەبێت پسولەی مافی وەرگرتنی خانوو بخرێتە بەردەست.

*بڕوانە: فەرمانگەی خانووبەرەی شاری کۆڵن*

*بڕوانە: فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خانووبەرەی شاری بۆن*

## کۆمەڵەی کرێچیان (Mieterverein) چی یە؟

**ئەگەر بێت و لە کاتی کرێچێتیدا گیروگرفت هاتە پێش، ئەوا کۆمەڵەی کرێچیان، کە وەک رێکخراوێک پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی کرێچی دەکات، دەتوانێت دەستی یارمەتی بۆ مرۆڤ درێژ بکات.**
**کرێچی دەتوانێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی بە دانی ئابوونەی ئەندامەتی سالانە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی کرێچیان.**
**ئەگەر کرێچی رووبەرووی گیروگرفت بووەوە، ئەوا کۆمەڵەی کرێچیانی پاڵپشتی دادوەری کرێچی یەکە دەکات و ئامۆژگاری پسپۆرانە پێشکەش بە ئەندامەکانی دەکات.**

**Mieterverein Bonn/Rhein-Sieg/Ahr e.V.**
- Volksfürsorgehaus -
Berliner Freiheit 36, 53111 Bonn
Tel.: 0228/94 93 09-0, Fax: 0228/94 93 09-22
Email: info@mieterverein-bonn.de
Internet: http://www.mieterverein-bonn.de

**Mieterverein Köln**
- Geschäftsstelle -
Mühlenbach 49, 50676 Köln
Tel.: 0221/20 23 70, Fax: 0221/240 46 20
Email: mieterverein@netcologne.de
Internet: http://www.mieterverein-koeln.de

## یارمەتی کۆمەڵایەتی (Sozialhilfe) چی یە و کێ مافی وەرگرتنی هەیە؟

**یارمەتی کۆمەڵایەتی یارمەتیدانێکە، لە لایەن فەرمانگەی کۆمەڵایەتی یەوە دەدرێتە ئەو کەسانەی، کە هیچ دەرامەتێکیان نی یە. تائەو کاتەی مەرجەکانی پێ دانی ئەو یارمەتی یە لە ئارادابن، داواکردنی ئەو یارمەتی یە مافێکی رەوای**

قانوونی یە. هەر کەسێ نەتوانێ خەرجی ژیانی خۆی بە هێزو توانای خۆی دابین بکات، مافی قانوونی وەرگرتنی یارمەتی کۆمەلایەتی هەیە.
پێداویستی یە گرنگەکانی خەرجی ژیان بریتین لە خۆراك و شوێنی حەوانەوەو شمەکی ناومالٌ و ئەو شتە شەخسی یانەی کە بۆ ژیانی رۆژانەی مرۆڤ گرنگن. چۆنیەتی وشێوەو رادەی ئەم یارمەتیدانە بە پێ ی تایبەتمەندیەکانی هەر حالەتێك دیاری دەکرێت.

## ئایا مرۆڤ بۆی هەیە سەرەرای وەرگرتنی یارمەتی کۆمەلایەتی پارەی دی بە دەست بهێنێ؟

ئەوەی بە شێوەیەکی رەسمی کاربکات، پێویستی بە وەرگرتنی یارمەتی کۆمەلایەتی نی یەو مافی وەرگرتنی ئەم یارمەتیەشی نی یە. بۆیە لە حالەتی کاردۆزینەوەو کارکردن دا دەبێت بەزوو ترین کات فەرمانگەی کۆمەلایەتی وخانووبەرە ئاگادار بکرێنەوەو پێ یان رابگەیەنرێت، کە مرۆڤ کاردەکات وخۆی پارە پەیدا دەکات. چونکە داهاتی ئەو کارە لەگەلٌ ئەو یارمەتی یەی بۆخەرجی ژیان وەری دەگرێت بەیەکەوە حیساب دەکرێن.

## ئایا پێویستە مرۆڤ بۆ وەرگرتنی یارمەتی کۆمەلایەتی کاربکات؟

یارمەتی کۆمەلایەتی هاوکاری یەکە بۆ کاتی بێکاری و پشتگرتنێکە بۆ مرۆڤ، تا ئەو کاتەی مرۆڤ وای لێ دێت پشت بە خۆی ببەستێت. کەواتە ئەوەی یارمەتی کۆمەلایەتی وەردەگرێت، دەبێ جارێکی دی بێ سەرنجدانە سەر باری ژیانی، بتوانێت لەسەر پێ ی خۆی بوەستێت.
هەر یەکێ یارمەتی کۆمەلایەتی وەربگرێت، و توانای کارکردنیشی هەبێت، ئەوا پێویستە هەولی دابین کردنی خەرجی ژیانی خۆی بدات و، ئەرکی سەرشانیەتی بە دوای دۆزینەوەی کاردا بگەرێت. هەروەها دایك و باوکی تەنیابالٌیش دەبێت مشووری دۆزینەوەی کارێکی تەواو یاخود نیوەکارێك یان کارێك کە لە مالەوە ئەنجام بدرێت، بخۆن. ئینجا ئەم ئەرکە تا چ رادەیەك بەم تەنیابالانە دەسپێردرێ، ئەوا لە لایەن فەرمانگەی کۆمەلایەتی یەوە، پاش روونکردنەوەو لەبەرچاوگرتنی بارو ژیان لە هەر حالەتێکدا، دیاری دەکرێت.

## یارمەتی جێ کردنەوە بۆ کەم ئەندام (Eingliederungshilfe)

ئەو کەسانەی لە رووی دەروونی و گیان و لەشەوە کەم ئەندامن، هەروەها ئەو کەسانەش، کە ناتوانن خەرجی نەخۆشی، خانەنشینی، تەئمینی رووداوی کت و پڕ وکارەساتی لەناکاو دابین بکەن، مافی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە یارمەتی یەیان هەیە.
پێوانە گرنگەکانی یارمەتی جێ کردنەوە ئەمانەن:

- چارەسەرکردنی فریاکەوتن وخەرجی مانەوە لە نەخۆشخانە
- پێوانەکانی تری چارەسەرکردنی پزیشکی
- پێوانەی چارەسەرکردنی سروشتی بۆ منداڵی کەم ئەندام
- یارمەتی دان بۆ خوێندنی پیشەیەکی گونجاو وفێربوونی کارێکی لێ هاتوو
- یارمەتی دان بۆ دۆزینەوەی کارێکی گونجاو.

**پێناسنامەی بۆن (Bonn-Ausweis) وپەساپۆرتی کۆلن (Köln-Pass) چین؟**

**پێناسنامەی بۆن وپەساپۆرتی کۆلن مافی داشکاندنی لە 50٪ ی نرخی گەلێ خزمەتگوزاری شارەوانی بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی بۆن و کۆلن دەرەخسێنێن. بۆ نموونە ئەم داشکاندنە لە بواری ئەم خزمەتگوزاریانەی شارەوانی دا دابین دەکرێن:**

- بۆ بلیتی ÖPNV (پاس و شەمەندەفەر)
- بۆ هەموو مەلەوانگەکانی شارەوانی
- بۆ ئاهەنگ و چالاکی کولتووری
- بۆ فێربوونی زمان لە فێرگەی Volkshochschule
- بۆ پارەی فێرگەی مۆسیقای شارەوانی.

*بڕوانە: فەرمانگەی کۆمەڵایەتی شاری کۆلن*
*بڕوانە: فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خانووبەرە*

**پارەی (رسوم) خزمەتگوزاری تەلەفزیۆن و رادیۆ (Rundfunkgebühren) چی یە؟**

**بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئەڵمانیا بەخۆرایی نین. بۆ بینین و گوێگرتنی بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی یەکانی دەوڵەت رسومات دانراوە. بەو پارەیەش خەرجی ئەو بەرنامانە دابین دەکرێت.**
**پارەی رۆژانەی رادیۆ وتەلەفزیۆن 53 سێنتە، مانگانە دەکاتە 16 ئۆیرۆ و 15 سێنت, ئەمەش بێ رەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ مرۆڤ تەلەفزیۆنەکەی یاخود رادیۆکەی بەکاردەهێنێ یان نا. هەر کەسێکیش تەنیا رادیۆی هەبێت مانگانە تەنیا 5 ئۆیرۆ و32 سێنت دەبێ بدات. پارەی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەدرێتە بنکەی وەرگرتنی باج GEZ (Gebühreneinzugzentrale).**

### چۆن مرۆڤ لە پارەی رادیۆ وتەلەفزیۆن ئازاد دەبێت؟

**ئەو کەسانە لە دانی پارەی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەبەخشرێن:**

- **کە دەرامەتیان کەمەو یارمەتی کۆمەلایەتی وەردەگرن**
- **ئەوانەی بە پێ ی قانوونی فیدرالی یارمەتی دانی چاودێری یاخود بە پێ ی قانوونی فیدرالی مشوورخواردن (Versorgung) یارمەتی وەردەگرن**
- **کەم ئەندام و پەککەوتەی سەختی خاوەن پێناسنامەی RF**
- **ئەوانەی بە گوێرەی قانوونی فیدرالی مافی تایبەتیان پێ دراوە.**

**داوای بەخشین لە باجی رادیۆ و تەلەفزیۆن پێشکەش بە فەرمانگەی کۆمەلایەتی یاخود فەرمانگەی کۆمەلایەتی و خانووبەرە دەکرێت.**

### داشکاندنی پارەی تەلەفۆن

**ئەو کەسانەی کە لە دانی باجی رادیۆو تەلەفزیۆن دەبەخشرێن، پاش ئەوەی داوایەکی تایبەتی پێشکەش دەکەن، مانگانە پارەی هێلی سەرەکی تەلەفۆنی دووریان (Fernsprechhauptanschluss) بۆ دادەشکێنرێت. کە ئەمەش فەرمانگەی کۆمەلایەتی یاخود فەرمانگەی خانووبەرەو کۆمەلایەتی ئەو شوێنە دەیگرێتە ئەستۆ.**

***بڕوانە: فەرمانگەی کۆمەلایەتی شاری کۆلن***
***بڕوانە: فەرمانگەی کاروباری کۆمەلایەتی و خانووبەرە***

### ناسنامەی هاژووتنی ئوتۆمبیل (Führerschein)

**فەرمانگەی هاتووچۆی کۆلن و بۆن بەرپرسی دانی ناسنامەی هاژووتنی ئۆتۆمبیلن. بۆ وەرگرتنی ئەم ناسنامەیە مرۆڤ دەبێت 18 سالی ی تەواوکردبێت و خۆی لە لای فێرگەیەکی هاژووتن ناونووس بکات. مرۆڤ لەو فێرگەیە هەم بە شێوەی تیۆری و هەم بە راهێنان ومەشقی راستەوخۆ فێری هاژووتنی ئۆتۆمبیل دەبێت. لە کاتی ناونووسکردن لە فێرگەیەکی وادا پێویستە مرۆڤ چاوەکانی لە لای پزیشکی چاو یاخود شوێنی چاوێلکەفرۆشتن دا تاقی کردبێتەوەو کۆرسێکی لە بواری بەهاناهاتن و فریاکەوتنەوە کردبێت. پاش ئەنجام دانی ئەم مەشق وکارانە مرۆڤ دەبێت تاقیکردنەوەیەکی تیۆری ودانەیەکی عەمەلی لە TÜV بکات. ئەگەر لەو تاقیکردنەوانەدا دەرچوو، ئەوا بەلگەنامەی هاژووتنی پێ دەدرێ. دەبێت**

**ئەوەش لەبەر چاوبگیردرێت، کە لە ئەڵمانیا بەڵگەنامەی هاژووتن یەك جۆر نی یە (هی ماتۆر هەیە، هی ئۆتۆمبیلی تایبەتی هەیە ... هتد).**
**ئەگەر مرۆڤ لە وولاتەکەی خۆی بەڵگەنامەی هاژووتنی هەبووبێت، ئەوا دەبێت لێرە بیگۆڕێ و بیکاتە بەڵگەنامەی هاژووتنی ئێرە. شایەنی ووتنە کە بەڵگەنامەی هاژووتنی بێگانە لێرە بۆ 12 مانگ کاری پێ دەکرێت. پاش ئەم 12 مانگە دەبێ بەڵگەنامەیەکی ئەڵمانی لەبری بەکاربهێنرێت.**

**Ordnungs- und Straβenverkehrsamt Bonn**
- Stadthaus -
Berliner Platz 2, 53111 Bonn
Tel.: 0228/770
Email: amtsleitung.amt32@bonn.de

**Amt für öffentliche Ordnung**
**Abteilung Straβenverkehrs- und Ordnungsangelegenheiten**
Herkulesstr. 42, 50823 Köln
Tel.: 0221/221-266 92, Fax: 0221/221-264 35
Email: ordnungsamt@stadt-koeln.de

**TÜV-Akademie Rheinland GmbH**
- Ausbildungsbereich Bonn -
Frauenhoferstraβe 8, 53121 Bonn
Tel.: 0228/98 86 40
Email: tar-bonn@de.tuv.com
Internet: http://www.tuev-akademie.de

**TÜV-Rheinland**
Am Grauen Stein, 51105 Köln
Tel.: 0221/80 60, Fax: 0221/806-17 60
Email: presse@de.tuv.com
Internet: http://www.tuv.com

## < خێزان و پلانی خێزان

## مافی مانەوەی ڕاستەوخۆی هاوسەر

بە پێ ی قانوون تەنیا کاتێك مافی ڕاستەوخۆی مانەوە لە ئارادا دەبێت، ئەگەر ژن ومێرد بە شێوەیەکی قانوونی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە نێو سنووری ئەڵمانیا بەیەکەوە ژیابن. پێش تەواوبوونی ئەم ماوەیە تەنیا لە حاڵەتی "زۆر سەخت و نائاساییدا" مافی مانەوە درێژ دەکرێتەوە.

## هێنانی ئەندامانی خێزان چۆنە؟

قانوونی بێگانە چارەسەری هێنانی ئەو ئەندامانەی تری خێزانیش دەکات (ئەو منداڵانەی دەیانەوێ بگوازرێنەوە لای خزم و کەس و کاریان، منداڵانی 18 ساڵە، باپیرەو داپیرە)، کە ناتوانن لە قانوونە تایبەتی یەکان سوود وەربگرن. هێنانی ئەم کەس وکارانە بە مەرجێ دەکرێت، کە بابەتەکە "زۆر سەخت و نائاسایی" بێت. لەم حاڵەتە زۆر سەخت ونائاسایی یانەدا هەندێ جار حاڵەتی وا هەن، کە ڕەچاوی بەختەوەری منداڵی تێدا دەکرێت و بۆیە بڕیاری ڕەزامەندی هێنانی لەسەر دەدرێت.

## هێنانی خێزان بۆ هاوسەری ئەڵمان

بۆ پاراستنی هاوسەری وخێزان هاوسەری بێگانە یەکەمجار مافی مانەوەی سنوورداری پێ دەدرێت (کە وەکو باوە بۆ سێ ساڵە). بەگوێرەی دەستووریش مافی کارکردنیان پێ دەدرێت، لە سەرانسەری ئەڵمانیا بتوانن کاربکەن. لە کاتێکیشدا مافی مانەوەکە بەسەربچێت، دەکرێت جارێکی کە ماوەکەی درێژبکرێتەوە، بەمەرجێك ژیانی هاوسەری یەکە بەردەوام بێت. لە چەند هەل ومەرجێکی تایبەتی دا هاوسەری بێگانە دەتوانێت، سەرەرای تێکچوونی ژیانی هاوسەرێتیی، لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر هاوسەریەکە بە شێوەیەکی شەرعی پتر لە دوو ساڵ درێژەی کێشا بێت. لە حاڵەتێکدا هاوسەرە ئەڵمانی یەکە نەیەوێ لەو دوو ساڵەدا لەگەڵ هاوسەرەکەی بژییێت، ئەوا ئەو بێگانەیە، هەرچەند لێرە ڕاهاتبێت و وازی لە وولاتەکەی خۆیشی هێنابێت (خانوو و کار و پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکانی خۆی لە دەست دابێت)، ئەوا دەبێت ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت وسەرلەنوێ لە وولاتەکەی خۆی ژیانی خۆی ڕێك بخاتەوە.
ئەو مرۆڤەی دەیەوێ لێرە ژن بهێنێت یان شووبکات، تووشی گەلێ کۆسپ و تەگەرە دەبێت. چەندین بەڵگەنامەی وولاتەکەی خۆی لێ داوادەکرێت. بە گیرهێنانی ئەم بەڵگەنامانەش کات و پارەیەکی زۆریان تێدەچێ. بۆنموونە ئەو کوردەی دەیەوێت ژن بهێنێت یان شوو بکات، دەبێت بەڵگەنامەی مارەنەبڕینی خۆی پێشکەش بکات. یەکەم جار دەبێ ئەو کەسە بەڵگەنامەکانی لای باوەڕپێکراوی دادگا (Notar) ساغ بکاتەوە، پاشان لای دادگاو دواتریش لە لایەن وەزارەتی دەرەوە دەبێ دانیان پیا بهێنرێت. بۆ بەدەستخستنی هەر یەکێ لەم بەڵگەنامانەش لە ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا

**کاتێکی زۆرو مشتێ پارە پێویستە. سەرەڕای ئەمەش پێویستە باڵوێزخانەکانی ئەڵمانیا لەو وولاّتانەدا ئەو بەڵگەنامانە پەسەند بکەن و باوەڕییان پێ بهێنن. ناسین و ساغ کردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە بە ڕۆژێك ناکرێت. بۆ نموونە باڵوێزخانەی ئەڵمانیا لە تورکیا یان لە عێراق بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە چەند مانگێکیان پێویستە.**

**AGISRA e.V.**
Info- und Beratungsstelle Arbeitsgemeinschaft
gegen internationale sexuelle und rassistische Ausbeutung
Steinbergerstr. 40, 50733 Köln
Tel.: 0221/12 40 19, Fax: 0221/972 74 92
Email: info@agisra.de
Internet: http://www.agisra.de

**Buntes Frauen Netzwerk e.V.**
- Alte Feuerwache -
Melchiorstr. 3, 50670 Köln
Tel und Fax.: 0221/732 51 66
Email: info@altefeuerwachekoeln.de
Internet: http://www.altefeuerwachekoeln.de

**Internationale Frauengruppe**
c/o Caritas Asylberatung e.V.
Nobertstr. 27, 50670 Köln
Tel.: 0221/13 73 78, Fax: 0221/139 02 72

**Beratung fuer Schwangere und ihre Familie**
Dyroffstraβe 7, 53113 Bonn
Tel.: 0228/22 41 55, Fax: 0228/108-2 00

**Frauenberatungsstelle Frauen helfen Frauen e.V.**
Koelnstraβe 69, 53111 Bonn
Tel.: 0228/65 95 00

**Internationale Frauenzentrum e.V.**
Wessel Str. 16, 53113 Bonn
Tel.: 0228/965 24 65, Fax: 0228/965 02 45
Email: info@altefeuerwachekoeln.de

Internet: http://www.altefeuerwachekoeln.de

## هێنانی خێزان بۆ هاوسەری بێگانە

وەك دیارە هێنانی خێزان بۆ هاوسەرێکی بێگانە زۆر سەختە. ئەگەر مرۆڤ ماڤ مانەوەشی لە ئەڵمانیا هەبێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بتوانێت هاوسەرەکەی بە ئاسانی بهێنێتە ئەڵمانیا. چونکە هێنانی هاوسەرەکەی بۆ ئێرە، پەیوەستە بەشێوەی ماڤ مانەوەکەی لێرەدا. جگە لەمەش دەبێت لە خانووبەرەیەکی شیاودا بژێیت و کارێکی بەردەوامی هەبێت. ئەم شوێنانەی خوارەوە راوێژکاری بۆ کاروباری خێزان پێشکەش دەکەن و وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەنەوە:

**Pro Familia**
**Deutsche Gesellschaft fuer**
**Sexualberatung und Familienplanung e.V.**
Poppelsdorfer Allee 15, 53115 Bonn
Tel.: 0228/242 22 43, Fax: 0228/242 22 45
Email: bonn@profamilia-nrw.de
Internet: http://www.profamilia.de

**Pro Familia**
**Deutsche Gesellschaft für Sexualberatung und Familienplanung**
Hansaring 84-86, 50670 Köln
Tel.: 0221/12 20 87, Fax: 0221/1 39 29 18
Email: ProFamilia.Koeln-Zentrum@t-online.de
Internet: http://www.profamilia.de

## چیم پێویستە گەر لە ئەڵمانیا بەرەسمی شووبکەم یان ژن بهێنم؟

بۆ ژن هێنان و شووکردنی رەسمی لە فەرمانگەی کاروباری مارەبڕینی ناوچەی کۆلن و بۆن مرۆڤ پێویستی بەم شتانەی خوارەوە هەیە:

- بڕوانامەی بنەماڵەو لە دایکبوون
- پسولەی ماڤ مانەوە
- پێناسنامەی کەسایەتی (هەویە) یان پەساپۆرت
- بڕوانامەی لەتوانابوونی دروستکردنی خێزان لە وولاتەکەی خۆی. ئەمەش دەبێت لە لایەن نۆینەرایەتی ئەڵمانیا لەو وولاتەدا دانی پیانرابێت.

دەبێت ئەم داواکاریانەی سەرەوە بە شێوەیەکی وەرگێڕدراو و دانپیانراو پێشکەش بە فەرمانگەی کاروباری مارەبڕینی بەرپرس بکرێن. فەرمانگەی کاروباری مارەبڕین دوای لێکۆڵینەوەو جێ بەجێ کردنی، کاتێك بۆ مارەبڕین دیاردەکات و ئەنجامی دەدات.

**Standesamt der Stadt Köln**
- Haus Neuerburg -
Gülichplatz 1-3, 50667 Köln
Tel.: 0221/221-235 30, Fax: 0221/221-223 91
Email: standesamt@stadt-koeln.de

**Standesamt Bonn**
- Stadthaus -
Berliner Platz 2, 53111 Bonn
Tel.: 0228/77-0
Email: standesamt.bonnI.amt33@bonn.de

## پارەی دایکایەتی چی یە؟

**پارەی دایکایەتی یارمەتی یەکی دراوی یە بۆ منداڵی تازە لەدایکبوو، کە لە لایەن قاسەی منداڵ** (Kinderkasse) **یاخود خاوەنکار** (Arbeitsgeber) **پێشکەش دەکرێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر دایکێك تەئمینی تایبەتی هەبێت، ئەوا فەرمانگەی تەئمینی فیدرالی لە بەرلین بەرپرسە لە دابین کردنی ئەم پارەیە. بە گوێرەی قانوون پارەی دایکایەتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. وەك باوە بۆ ماوەی شەش هەفتەیە. ئەگەر قاسەی منداڵ بی دات، نزیکەی** 380 **ئۆیرۆیە، ئەگەر لە تەئمینی تایبەت بدرێت** 200 **ئۆیرۆیە، بە مەرجێ تەئمینی تایبەتی هەبێت. بەڵام لە کاتی نەبوونی ئەم مەرجانەی سەرەوە، دایکان تەنیا یەکجار پارەی دایکایەتی وەردەگرن کە بریتی یە لە** 75 **ئۆیرۆ.**

## پارەی پەروەردەکاری لە کاتی دایك و باوکایەتی دا

**بە گوێرەی قانوونی فیدرالی پارەی بەخێوکردنی منداڵ بۆ چاولێبوون و پەروەردەکردنی منداڵ دەبرێتەوە. جا دایك یان باوك دەتوانن داوای ئەو پارەیە بکەن. لە** 2001/1/1 **ەوە مرۆڤ دەتوانێت بریاری ئەوە بدات، پارەی پەروەردەکردنی منداڵ لە ماوەی دوو ساڵدا و مانگانە** 307 **ئۆیرۆ، یان لە ماوەی یەك ساڵداو مانگانە** 460 **ئۆیرۆ وەربگرێت. پارەی پەروەردەکاری بە هەموو منداڵێك دەدرێت. لە حاڵەتی لە دایکبوونی جووتە (جمکە) یان زیاتر لە دوو منداڵ لە حالەتێکدا**

که پارەی پەروەردەکاری وەردەگیرێ یان کە لە کاتی پشووی پەروەردەکردندا منداڵێکی تر پەیدا دەبێت، راستەوخۆ پارەی پەروەردەکردن زیاد دەبێت. ئەمانەی خوارەوە مافی پەروەردەکردنی منداڵیان هەیە:

- شوێن ژیان ومافی مانەوەیان لە ئەڵمانیا هەیە
- پەنابەرو راکردووی دانپیانراون
- پەروەردەکاری و چاودێری منداڵیان لە ئەستۆدا بێ
- مافی چاودێری کردنی منداڵەکەیان هەبێ
- لەگەڵ منداڵەکەدا دا بە یەکەوە بژیێن وهیچ کارێکی تر نەکەن، یان هەفتانە لە سی سەعات زیاتر کارنەکەن.

بۆ هەرمنداڵێکی کەم ئەندام لە خێزاندا، هەروەها بۆ ئەو منداڵەی داوای پارەی بەخێوکردنی بۆ دەکرێت، لە سەرجەمی پارەی باجدان دا باجی پەککەوتن دەگێردرێتەوە.

## پشووی پەروەردەکاری (لە کاتی منداڵ بووندا) (Erziehungsurlaub)

ماوەی پشووی پەروەردەکاری سێ ساڵە. باوك ودایك دەتوانن بەیەکەوە تێکڕای ماوەی پشووەکە بەجارێك، یاخود بەشێوەیەکی پچر پچر وەربگرن. ئەگەر ویستیان، ئەوا دەتوانن لە یەکەم رۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەوە تا ئەو رۆژەی تەمەنی منداڵەکە دەبێتە سێ ساڵ بەیەکەوە سوود لەو پشوودانە وەربگرن. هەروەها بە رەزامەندی خاوەنکار دەکرێت پشووی پەروەردەکاری بۆ ماوەی سێ تاکو هەشت ساڵ لە تەمەنی منداڵەکە درێژ بکرێتەوە. بۆ نموونە لە کاتی یەکەم ساڵی چوونەخوێندنی منداڵەکەدا.

## پارەی منداڵ (Kindergeld)

بە گوێرەی قانوونی فیدرالی یارمەتی دانی منداڵان (BKGG) دەتوانرێت بۆ ئەومنداڵانەی لە ئەڵمانیا دەژیێن داوای دانی پارەی منداڵ بکرێت. پارەکە لەلایەن قاسەی منداڵان لە فەرمانگەی کارکردن دەدرێت و دەشێت داواکە راستەوخۆ پاش لە دایکبوونی منداڵەکە پێشکەش بکرێت. ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دەبڕێتەوە:

| ساڵ | یەکەم منداڵ | دووەم منداڵ | سێ یەم منداڵ | بۆ هەر منداڵێکی تر |
|---|---|---|---|---|
| 2000 | 270 مارك | 270 مارك | 300 مارك | 350 مارك |
| 2001 | 270 مارك | 270 مارك | 300 مارك | 350 مارك |
| 2002 | 154 ئۆیرۆ | 154 ئۆیرۆ | 154 ئۆیرۆ | 179 ئۆیرۆ |

شایەنی ووتنە پارەی منداڵ تا تەمەنی 16 ساڵی دەدرێت. ئەگەر منداڵەکە لە فێربوونی پیشەیەکیشدا بێت، ئەوا ئەم پارەیە تا تەمەنی 27 ساڵ وەردەگیرێت.

## مشوورخواردنی چاودێری تەندروستی بۆ کۆچبەر

سیستەمی فیدرالی ئەڵمانیا بۆ مشوورخواردنی چاودێری تەندروستی مشووری تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی بۆ کۆچبەر دابین دەکات. بنەمای مشووری چاودێری تەندروستی پەیوەندە بە شێوەی مافی مانەوەی قانوونی ی کۆچبەر.

بۆ پەناخوازانیش ئەم مشوورخواردنە بە گوێرەی قانوونی پەناخوازان رێکخراوە، کە بریتی یە لە دابین کردنی پێویستی ی پزیشکی و ددان لە حاڵەتی نەخۆشبوونی کتوپرو ئێش و ئازاری لە ناکاودا. هەروەها دام ودەزگاکانی خزمەتگوزاری تەندروستی بایەخی پێویست بە مشوورخواردنی تەندروستی کۆچبەر نادەن. سەرەرای ئەمەش کەمی ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە هەلومەرجی دەزگاکانی تەندروستی یەوە لە ئارادان، دەبنە هۆی دروست بوونی چەندین گیروگرفتی جۆراوجۆر. ئەم دەزگا تەندروستیانەی خوارەوەش وەڵام دانەوەی پرسیار و چارەسەرکردنی گیروگرفتی تەندروستی ی کۆچبەر دەگرنە ئەستۆ و لە کاتی پێویستدا راوێژکاریان دەکەن:

**Bundeszentrale für gesundheitliche Aufklärung (BzgA)**
Ostmerheimer Str. 200, 51109 Köln
Tel.: 0221/899 20

**Gesundheitszentrum für MigrantInnen**
Marsilstein 6, 50676 Köln
Tel.: 0221/95 15 42 31, Fax: 0221/95 15 42 45

**Wissenschaftliches Institut der Ärzte Deutschlands (WIAD)**
Godesberger Allee 54, 53175 Bonn
Tel.: 0228/810 41 69

**Gesundheitsamt der Stadt Köln**
Neumarkt 15-21, 50667 Köln
Tel.: 0221/221-12 70, Fax: 0221/221-22 11

**Gesundheitsamt der Bundesstadt Bonn**
Engeltalstr. 6, 53103 Bonn

Tel.: 0228/77 25 67, Fax: 0228/77 37 78

**دەرزی لێدان (تلقیح) (Impfungen) (دەرزی لێدانی منداڵ)**

**زانستی پزیشکی توانیویەتی تا ئەمڕۆ به هۆی دەرزی لێ دانەوه بەر لە بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشی بگرێت. زۆرجار نەخۆشی گشتگر (عدوی) دەبێتە هۆی کارەساتی گەورە. بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەم نەخۆشی یانە هیچ چارەسەرێکی کاریگەرو ئەوتۆ نی یە. بۆیە دەرزی لێدان تاکە رێگەی شیاوی خۆپاراستنە لە تووش بوونیان. زۆرجاریش دەرك نەکردن بە بایەخی دەرزی لێدان کێشەیەکی گەورەیە. بە بۆنەی گیروگرفتی زمان و کەمی زانیاری ی بە زمانی دایکی کۆچبەرەوە، تا ئێستە نەتوانراوە زۆربەی خێزانە کۆچبەرەکان لەم بارەیەوە ئاگادار بکرێنەوە، تا دەرفەتی دەرزی لێدانیان بۆ برەخسێنرێت.**
**بە تایبەتیش پێویستە پێشوەخت پاراستنی ساواو منداڵانی بچووك مسۆگەر بکرێت، چونکە سیستەمی خۆپاراستنیان (مناعە) پێنەگەیشتووە. رەنگە زۆرجار نەخۆشی گشتگر بۆ منداڵان بە رەوتێکی ترسناکدا تێپەرێت، بۆیە دەبێت پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە پاراستنی سەرومرپیان دابین کرابێت. ئەو دەرزیانەی پێویستن، دەبێت تا تەمەنی 18 ساڵی لە مرۆڤ درابێتن.**

**ئەو دەرزیانەی پێوستە لە منداڵی تازە لە دایك بوو بدرێن، ئەمانەن:**
Hepatitis B, HIB, Keuchhusten, Kinderlähmung, Masern, Mumps, Röteln, Tetanus, Diphtherie.

**هەر دەرزی لێدانێکیش لە ناسنامەی (پاسی) دەرزی لێدان دا تۆمار دەکرێت.**

**زانیاری زیاتر لەم بارەوە لە لایەن فەرمانگەکانی تەندروستی یەوە بە دەست دەهێنرێت:**

***بڕوانە فەرمانگەی تەندروستی شاری کۆلن***
***بڕوانە فەرمانگەی تەندروستی شاری بۆن***

**ئێدز (AIDS) چی یە؟**

**ئێدز کە بە هۆی ڤایرۆسی HIV ـەوە پەیدا دەبێت بریتی یە لە لاوازبوونێکی یەکجار سەختی سیستەمی پارێزگاری لەش. بە تووش بوونی ئەم ڤایرۆسە لەشی مرۆڤ توانای بەرگری دژی گەلێ نەخۆشی هەمە چەشنەی نامێنێت و بەئاسانی تووشی نەخۆشی هەڵئاوسان (Tumor) دەبێت. مرۆڤی لەش ساغ دەتوانێت بێ هیچ گیروگرفتێك رزگاری لەم نەخۆشی یە ببێت. مەترسی تووش بوونی ڤایرۆسی HIV بە هۆی جووت بوونێکەوە روو دەدات، کە هیچ خۆپاراستنێکی تیادا رەچاو نەکرێت. ئا لەم کاتەدا ڕەنگە لیك وشلەمەنی پڕ لە ڤایرۆسی لەشی تووشبووەکە تێکەڵی پێستی ناواخنی مرۆڤە لەش**

**ساغەکە ببێت. زۆرجار لە ڕێگەی ڕێچکەی خوێنەوە ڤایرۆسەکە دەگوازرێتەوە. هەروەها ڤایرۆسەکە بە هۆی بەرگی ناوەوە و بەهۆی تۆماوی نێرینەو لیکی ئەندامی جووت بوونی مێینەوەش دەگوازرێتەوە. لەوانەیە خێراش بە هۆی هەموو شێوەیەکی جووت بوونەوە (سێکس) ئەم نەخۆشی یە بڵاوببێتەوە.**
**خۆپاراستنێکی کاریگەر لەم ڤایرۆسە بە پاکی و دڵسۆزی نێوان دوو هاوسەری تووش نەبوو دەبێت، هەروەها جووت نەبوون لەگەڵ کەسی نەناس دا یاخود بە بەکارهێنانی لاستیك (کۆندوم) لە کاتی جووت بووندا.**

## راوێژکاری ئەیدز چی یە و لە کوێ تاقی کردنەوە (تێست) ی ئێدز دەکرێت؟

**زۆربەی فەرمانگە تەندروستی یەکان و هەندێ لە مەڵبەندە تایبەتی یەکانی راوێژکاری ئێدز ئامادەن بۆ تاقیکردنەوەی** HIV **خوێن لە مرۆڤ وەربگرن و تاقی بکەنەوە. گەر مرۆڤ ویستی، ئەوا بە نهێنی و بێ درکاندنی ناویش ئەم کارە دەکرێت.**
**ژمارەیەکی زۆری مەڵبەندو دام ودەزگای ئەوتۆ هەن، کە راوێژکردنێکی چڕوپڕ دەربارەی ئێدز و** HIV **پێشکەش بکەن. راوێژکاری لەم حاڵەتانەدا بەنهێنی و بێ ناوبردن دەکرێن. ئەم مەڵبەندانە سەرباری روونکردنەوەی خۆپاراستنی پێش وەخت زانیاری گرنگیش بۆ کاتی پاش تووش بوونی ئەو نەخۆشی یە بە مرۆڤ دەدەن. لە تەنیشت راوێژکاری شەخسی یەوە بە تەلەفۆنیش راوێژکاری پێشکەش دەکەن.**

**Aids-Hilfe Bonn e.V.**
Weberstraβe 52, 53113 Bonn
Tel.: 0228/94 90 90
Beratung: 0228/194 11, Fax: 0228/949 09 30
Email: ahb@aids-hilfe-bonn.de
Internet: http://www.aids-hilfe-bonn.de

**Aids-Hilfe Köln e.V.**
Beethovenstraβe 1, 50674 Köln
Tel.: 0221/20 20 30, Fax: 0221/23 03 25
Email: info@koeln.aidshilfe.de
Internet: http://www.koeln.aidshilfe.de
Online-Beratung über: Internet: http://www.aidsberatung.de
Telefonberatung: 0221/89 20 31

# 4

## دابین کردنی باری کۆمەڵایەتی

### ماڤ کارکردن و پسولەی کارکردن و کاری سەربەخۆ چین؟

کۆچبەرانی دەرەوەی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا پێویستیان بە پسولەیەکی کاری فەرمانگەی کار هەیە. پسولەی کارکردن ماوەو شوێنی سنووربۆدانراوی نی یە. بۆنموونە دەدرێت بە هاوسەری ئەو ئەڵمان و بێگانانەی کە خاوەنی ماڤ مانەوەن و شەش ساڵیش لە ئەڵمانیا ژیاون. ئەو کۆچبەرانەی پسولەی کارکردنیان نی یە، تەنیا لە حاڵەتێکدا پسولەی کاریان دەدرێتێ، ئەگەر بێتو بۆ ئەو کارەی دەیدۆزنەوە کرێکاری تر، واتە ئەڵمان و بێگانەی وولاتانی یەکێتی ئەوروپا و بێگانەی خاوەن پسولەی کار، لەپێش ئەوان و لەبەر دەستدا نەبن. بەلاّم داواکردنی پسولەی کار لەم جۆرە حاڵەتانەدا زۆرجار رەت دەکرێتەوە, تەنانەت گەر کرێکاری بێکاری تریش بەم کارە رازی نەبێت.

### پارەی بێکاریی (Arbeitslosengeld) و یارمەتی بێکاریی (Arbeitslosenhilfe)

تەنیا ئەو کەسانە پارەی بێکاریی وەردەگرن ،کە بێکارن و خۆیان بە بێکار لە لای فەرمانگەی کار ناونووسکردووە و پێشتریش بە شێوەیەکی رەسمی 360 رۆژ کاریان کردووە. پارەی بێکاری تەنیا بۆ دوانزە مانگ دەدرێت. دواییش دەبێتە یارمەتی بێکاری. پارەی Arbeitslosengeld وArbeitslosenhilfe لە فەرمانگەی کاری شوێنی نیشتەجێ بوون داوادەکرێن:

**Arbeitsamt Bonn**
Villemombler Straβe 101, 53123 Bonn
Tel.: 0228/924-12 18, Fax: 0228/924-22 37
Email: Bonn@arbeitsamt.de
Internet: http://www.arbeitsamt.de

**Arbeitsamt Köln**
Luxemburger Str. 121, 50606 Köln
Tel.: 0221/94 29-0, Fax: 0221/94 29-41 23
Internet: http://www.arbeitsamt.de

**کاری 325 ئۆیرۆ چی یە؟**

**بەبۆنەی چارەسەرکردنی قانوونی خانەنشینی یەوە لە رۆژی 1999/4/1 ـەوە قانوونی کاری 325 ئۆیرۆ (630 مارك) گۆڕانێکی بنچینەیی بەسەردا هاتووە. بەم شێوەیە لە سەرانسەری وولاتدا سنووری داهاتی ئەم شێوە کارە کرا بە 630 مارکی ئەڵمانی (واتە 322 ئۆیرۆ). ئەمەش قانوونەکەی پێشووتری، کە تێپەڕکردنی سنووری ئەم پارەیەی لە تەئمیناتی کار ئازاد دەکرد ئەگەر لە شەش یەکی تێکڕای داهاتی مرۆڤی تێپەر بکردایە، لە کارخست. جیاوازیش لە نێوان کاری کەم داهات و کاری کەم خایەن بەوە دەکرێت, کە کاری کەم داهات ئەوەیە**

- **ماوەکەی لە 15 سەعات لە هەفتەیەکدا کەمتر بێت و**
- **مانگانەش ئەو پەڕەکەی 325 ئۆیرۆ داهاتی بێت.**

**خۆ پێ گەیاندن لە رووی ئابووری یەوە و پشتگیری کردنی کۆچبەرانی خاوەنکاری سەربەخۆ (Selbständige) لە نۆرد راین ڤێست فالن**

**ئێستە لە نۆرد راین ڤێست فالن تۆرێکی بەرفراوانی دام و دەزگا هەن، ئامادەن یارمەتی ئەو کەسانە بدەن، کە دەیانەوێ لە رووی ئابووری یەوە خۆیان پێ بگەیەنن. هەر بەم شێوەیەش گەر کۆچبەرانی کوردیش بیانەوێ لە رووی ئابووری یەوە خۆیان پێ بگەیەنن و کاری سەربەخۆ بکەن، هەلی ئەوەیان هەیە، زانیاری پێویست بەدەست بهێنن. بۆئەم مەبەستەش لە ساڵی 1995 لە چوارچێوەی هەڵمەتی دامەزراندنی GO لە هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن دا مەڵبەندی "دامەزرێنەران و بەڵێندەرانی بێگانان" دامەزرێنرا. ئەم مەڵبەندە پشتیوانی لە کۆچبەرانی بێگانە دەکات بۆ دامەزراندن و وەگەرخستنی کاری سەربەخۆ. حکومەتی هەرێمی نۆرد راین ڤێست فالن لە ساڵی 1999 ـەوە لەگەڵ هەڵمەتی ئەم دامەزراندنەدا، هەروەها شان بەشانی چینی ناوەڕاست (move) یش، پشتیوانییەکی بەرفراوان لە دامەزراندنی کاری سەربەخۆ بۆ چینی ناوەراست دەکات. هەر لەم روانگەشەوە فەرمانگەکانی راوێژکاری رۆڵێکی تایبەتی بۆ بەڵێندەر و کۆچبەرانی کوردی خاوەنکاری سەربەخۆ دەبینن.**

**Regionales Förderzentrum für ausländische**

**Existenzgruender und Unternehmer (RTZ) - Köln**
Gothaer Allee 2, 50969 Köln
Tel.: 0221/93 65 57 30, Fax: 0221/93 65 57 39
Email: fiw@foerderzentrum.org
Internet: http://www.foerderzentrum.org

**Regionales Förderzentrum für ausländische**
**Existenzgründer (RTZ) – Bonn**
Lessenicher Straβe 9, 53123 Bonn
Tel.: 0228/526 94 13, Fax.: 0228/526 94 11
Internet: http://www.foerderzentrum.org

**ReTraGO – Regionale Transferstellen zur Integration**
**ausländischer Existenzgründer und Unternehmer in NRW**
Bismarckstr. 142, 47057 Duisburg
Tel.: 0800/738 72 46
Email: info@retra.de
Internet: http://www.retra.de

**Industrie- und Handelskammer - IHK zu Köln**
Unter Sachsenhausen 10-26, 50667 Köln
Tel: 0221/164 00, Fax: 0221/164 02 75

**Industrie und Handelskammer - IHK Bonn/Rhein-Sieg**
Bonner Talweg 17, 53113 Bonn
Tel.: 0228/228 40, Fax: 0228/228 41 70
Email: waering@bonn.ihk.de

## باج چی یە؟

**باج ئەو پارەیەیە یەکجارەکی یاخود بەدرێژایی کات و بێ بوونی هیچ بەرامبەریەك دەدرێت. باج بەمەبەست بەدەست هێنانی دەرامەتەوە لە لایەن دەزگایەکی دەوڵەتی یەوە دەخرێتە سەر ئەستۆی ئەو مرۆڤەی کە لە رووی قانوونی یەوە باجی دەکەوێتە سەر.**

**باجی ناوچەیی ئەم باجانەن:**

- **باجی ماڵ و سامان**
- **باجی میرات**
- **باجی ئۆتۆمبیل**
- **باجی هاتوو چۆ**

**باجی فیدرالی و هەرێمایەتی**

- **باجی داهاتی فرۆشتن**
- **باجی داهاتی کارکردن / باجی مووچە**
- **باجی** Körperschaftssteuer **مەڵبەندو یانە کۆمەڵایەتیەکان**

## باج و فەرمانگەی دارایی

**لە ئەڵمانیادا باجە قانوونی یەکان بابەتێکی زۆر گرنگن. واش باوە لە لایەن دامو دەزگای دارایی فیدرالی یاخود هەرێمایەتی یەوە سەرپەرشتی دەکرێن. بەم جۆرەش رێکخستنی باج لە فەرمانگەی دارایی یەوە دەبێت. فەرمانگەکانی دارایی بەرپرسی رێکخستنی**
**ئەم جۆرە باجانەی خوارەوەن:**

- **باجی داهاتی کارکردن / باجی مووچە**
- **باجی مەڵبەندە کۆمەڵایەتیەکان**
- **باجی داهاتی سەرمایە**
- **باجی داهات**
- **باجی سامان**
- **باجی ئۆتۆبێل**
- **باجی موڵك**

**شارەوانی یەکان بەرپرسن لە وەرگرتنی ئەم باجانەی خوارەوە:**
**باجی پیشەسازی، باجی موڵك وباجەکانی دیکەی ( وەکو باجی ئاگرکوژانەوە، باجی راگرتنی سەگ، باجی یاری وکات بەسەربردن (بۆ نموونە چوون بۆسینەما))**

**Finanzamt Bonn-Innenstadt**
Welschnonnenstr. 15, 53111Bonn
Tel.: 0228/71 80, Fax: 0228/718 29 90

**Finanzamt Köln Mitte**
Blaubach 7, 50676 Köln
Tel.: 0221/924 00-0, Fax: 0221/924 00-4 40

## < سیستەمی خانەنشینی لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال

### تەمەنی خانەنشینی چی یە؟

**پارەی خانەنشینی دەدرێ بەو کەسانەی 65 ساڵیان لە تەمەن تەواو کردووە. هەرکەسێ سەرەرای تەواو کردنی ئەم تەمەنە نەیەوێ خانەنشین بکرێت، ئەوا پارەیەکی زۆرتری خانەنشینی وەردەگرێت. هەر کەسێکیش 65 ساڵی تەواو بکات و داوای وەرگرتنی پارەی خانەنشینی نەکات، ئەوا دەتوانێت ئەو پارەیەی پێشووتر بۆ خانەنشینی داویەتی، وەری بگرێتەوە.**

### چ کاتێك ژن مافی وەرگرتنی پارەی خانەنشینی هەیە؟

**ئەو ژنانەی تەئمین کراون، مافی وەرگرتنی پارەی خانەنشینی یان هەیە**

- **ئەگەر پێش 1952/1/1 لەدایك بووبن**
- **تەمەنی 60 ساڵی یان تەواو کردبێت**
- **پاش تەمەنی 40 ساڵی پتر لە 10 ساڵ کارێکی قانوونیان کردبێت و پارەی تەئمیناتیشیان دابێت**
- **ماوەی چاوەڕێ کردنی 15ساڵیان تەواو کردبێت.**

**بۆ ئەوەی ئافرەت پارەی خانەنشینی تەواو وەربگرێت، دەبێت دەست لەکارکردن هەڵبگرێت و لە داهاتووشدا پتر لە 325 ئۆیرۆ لە مانگێکدا پەیدا نەکات.**

### خانەنشینی بە هۆی بێکاری یەوە

**خانەنشینی بە هۆی بێکاری یەوە یاخود بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە سنوورێکی دیاری کراوی تەمەنی خانەنشینی دابێت، بەو کەسە دەدرێت، کە پێش 1952/1/1 لەدایك بووبێت، تەمەنی 60 ساڵی تەواو کردبێت، یاخود**

- له سەرەتای دەستپێکردنی خانەنشینی دا بێکار بێت وپاش تەواوکردنی تەمەنی 58 ساڵ و 6 مانگ، تێکڕا 52 هەفتە بێکار بێت یان
- بە هۆی تەمەنی یەوە بە لایەنی کەمەوە ماوەی کارکردنی 24 مانگ کەم کرابێتەوە. لە 10 ساڵی دووایییشدا بەلایەنی کەمەوە ماوەی 8 ساڵ کاری قانوونی کردبێت و ماوەی چاوەڕێ کردنی 15ساڵیشی تەواو کردبێت.

## خانەنشینی بەهۆی پەککەوتەنی سەخت

ماڤ خانەنشینی بە هۆی کەم ئەندامی و پەککەوتەنی سەختەوە دەدرێتە ئەو کەسەی تەمەنی 60 ساڵی تەواو کردبێت، هەروەها لە سەرەتای دەستپێکردنی خانەنشینیدا، دان بە کەم ئەندامیی و پەککەوتەیی نرابێت، سەرەرای ئەمەش بێکار بێت وماوەی چاوەڕێ کردنی 35 ساڵیشی تەواو کردبێت. پەککەوتنی سەخت، ئەو کەسەیە کە لە روانگەی قانوونی یەوە رادەی پەك کەوتنی بە لایەنی کەمەوە 50 ٪ بێ.

## خانەنشینی بێوەژنی و بێوەپیاوی

بێوەژن و بێوەپیاو ماڤ وەرگرتنی جۆرێکی خانەنشینیان هەیە، کە پێ ی دەووترێت خانەنشینی بچووکی بێوەژن و بێوەپیاو. وەرگرتنی ئەم خانەنشینی یە بە چەند مەرجێکەوە: دەبێ هاوسەرە مردووەکەیان ماوەی گشتی چاوەڕێ کردنی پێنج ساڵی تەواو کردبێت. تەمەنی خۆشیان 45 ساڵی تێپەر کردبێت. هەروەها منداڵێك بەخێوبکەن، کە تەمەنی لە خوار 18 ساڵی بێت و ماڤ وەرگرتنی خانەنشینی هەتیویشی هەبێت. یاخود خۆیان نەتوانن کاربکەن. ئا لەم حالەتانەدە پارەی خانەنشینی یەکە بە شێوەیەکی پڕاوپڕی دەدرێت.

**خانەنشینی پەروەردەکردن:** مرۆڤی تەنیا باڵ، ئەگەر هاوسەرە تەلاقدراوەکەی مردبێت و، بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆدا بێت، پارەی خانەنشینی وەردەگرێ. ئەگەر مرۆڤی تەلاقدراوی تەئمینکراویش هاوسەرەکەی پێشووی مردبێت و خۆی تاکە منداڵەکەی خۆی بەخێو بکات، خانەنشینی پەروەردەکردن وەردەگرێت، بەمەرجێ تەمەنی منداڵەکە لە 18 ساڵ بچووکتر بێت.

## خانەنشینی بەهۆی سنوورداربوونی توانای کارکردن

ماڤ خانەنشینی بە هۆی پەك کەوتن یاخود لە توانا نەبوونی کارکردن دەدرێتە ئەو کەسەی کە بە نیوەیی یاخود بە تەواوی توانای کارکردنی نەبێت و، ماوەی چاوەڕێ کردنی 5 ساڵیشی تەواو کردبێت، هەروەها لە 5 ساڵی دووایییشدا، پێش دەستپێکردنی خانەنشینی یەکەی، بەلایەنی کەمەوە 36 جار باجی هەمە چەشنەی کارکردنی دابێت. 8 ساڵ کاری قانوونی کردبێت و ماوەی چاوەڕێ کردنی 15ساڵیشی تەواو کردبێت.

له بنەڕەتدا مافی خانەنشینی بە هۆی سنووورداربوونی توانای کارکردن تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی دەدرێت. ئەوپەڕەکەشی تا تەواوبوونی تەمەنی 65 ساڵی دەدرێت. پاشان دەکرێتە خانەنشینی ئاسایی.

**ریفۆرمی خانەنشینی تازە چی تیایە؟**

ئەو ریفۆرمی خانەنشینەی، کە بە خانەنشینی ریستە (Risterrente) ناسراوە، بریتی یە لە دروستکردنی شێوەیەکی مشوورخواردنی کاتی پیربوون. ئەمەش لەرێگەی دەزگای تایبەت و لەسەر بناغەی پشتیوانی کردنی دەوڵەتەوە بەدەست دەهێنرێت. بەم شێوەیە لە ساڵی 2002 ـەوە هەر کارمەندێك و، هەموو ئەوانەش کە بێکارن، مافی ئەوەیان هەیە، بە یارمەتی دەوڵەت و ئاسانکردنی قانوونی و داشکاندنی باج، پشتیوانی لە دروست کردنی سامانی پیرێتی یاندا بە دەست بهێنن. قانوونی تەئمینی خانەنشینی سەرەرای ژمارەیەك گۆڕانکاریش وەك شێوەیەکی گرنگی دابین کردنی ژیانی پیری ماوەتەوە.

## > سیستەمی تەئمینی کۆمەڵایەتی لە کۆماری ئەڵمانیای فیدرال

**سیستەمی تەئمینی (بیمە) کۆمەڵایەتی چی دەگرێتەوە؟**

کارمەند وکرێکار لە ئەڵمانیا دەبێ تەئمینی کۆمەڵایەتی یان هەبێت. بەم تەئمینە مرۆڤ لە ئاکامی رووداوی کت وپڕو، کارەساتی لەناکاو، حاڵەتی مردن، لەکارکەوتن، نەتوانینی ئەنجامدانی کار، و پێویستیەکانی تری تەئمین دەکرێت. ئەم تەئمینانەی خوارەوەش لە ئەڵمانیای فیدرالدا ئەرکن و دەبێ ئەنجام بدرێن:

- تەئمینی نەخۆشی
- تەئمینی چاوەدێری
- تەئمینی رووداوی کت وپڕ وکارەساتی لە ناکاو
- تەئمینی بێ کاری

**تەئمینی نەخۆشی چی یە؟**

هەر کارمەندو کرێکارێك داهاتی لە سنوورێکی دیاریکراودا تێپەڕ نەکات، ئەوا لە لایەن فەرمانگەیەکی تەئمینی تەندروستی قانوونی یەوە (Krankenkasse) تەئمین دەکرێت. لە ساڵی 1996 ـەوە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی فەرمانگەیەکی تەئمینی نەخۆشی. بەم شێوەیە دەبێ هەموو ئەوانەی تەئمین دەکرێن، ببن بە ئەندامی یەکێك لە فەرمانگەکانی تەئمینی

تەندروستی وەك Ortskrankenkassen و Innungskrankenkassen. هەروەها Betriebskrankenkasse ی وەك: BKK, AOK TK, IKK, DVK. راستەوخۆش هەموو ئەندامانی خێزانی تەئمینکراوەکەش بەتەئمین کردنی خاوەنی خێزان لەگەڵ ئەودا تەئمین دەکرێن. بۆ ئەو ئەندامەی کە لە خێزاندا تەمەنی دەگاتە 18 ساڵ تەئمینەکە کۆتایی دێت. ئەگەر ئەندامی خێزانەکە لەسەر خوێندنی پێشەیەکدا بەردەوام بێت، ئەوا تەئمینەکەی تا تەمەنی 27 ساڵی بۆ درێژ دەکرێتەوە. لە لایەن دەزگاکانی تەندروستیشەوە پارەی چارەسەری پزیشکی و دەرمان و خەرجی یەکانی نەخۆشی دەدرێت.

## تەئمینی چاوەدێری (Pflegeversicherung) چی یە؟

ئەرکە لەسەر کارمەندو کرێکار، تەئمینی چاوەدێری یان هەبێت. دەبێ 7،1 ٪ کۆی داهاتی خۆیانی بۆ بدەن. بەهەبوونی تەئمینی چاوەدێری هەموو کارمەندو کرێکار وخاوخێزانیان لە حاڵەتی پێویستی چاوەدێری کردندا تەئمینی چاوەدێریان دەبێت.

## تەئمینی خانەنشینی (Rentenversicherung) چی یە؟

کارمەندو کرێکارو فەرمانبەر هەروەها گرووپێکی دیار لەوانەی سەربەخۆ کاردەکەن، لەسەریان ئەرکە، 19،1 ٪ لە کۆی داهاتیان بۆ تەئمینی خانەنیشی بدەن. کارمەندو خاوەنکار بەیەکەوە پارەی ئەم تەئمینە دابین دەکەن. مەبەست لە دانی تەئمینی خانەنشینی لە ئەڵمانیای فیدرالدا دابین کردنی پێداویستی یەکانی کاتی پیری یە.

## تەئمینی رووداوی کت وپڕ و بەسەرهاتی لەناکاو (Unfallversicherung) چی یە؟

ئەرکی خاوەنکارە، بەبەردەوامی پارەی تەئمینی رووداوی کت وپڕ و بەسەرهاتی لەناکاو بۆ کرێکارو کارمەندەکانی بدات. بۆ کرێکارو کارمەندان سەندیکا هاوپیشەیی یەکان تەئمینی رووداوی کت وپڕو کارەساتی لەناکاو دەگرنە ئەستۆ. بە هەبوونی ئەم جۆرە تەئمینە فەرمانبەرو کارمەند لەنەخۆشی یەکانی کار و رووداو و کارەساتەکانی سەرکار تەئمین دەکرێن.

## تەئمینی بێکاری چی یە؟

ئەرکە لەسەر کرێکار و کارمەند 6،5 ٪ ی کۆی داهاتیان لەبری تەئمینی بێکاری بدەن. ئەمەش لە لایەن فەرمانگەی فیدرالی کارەوە رێك دەخرێت. بە هەبوونی تەئمینی بێکاریی کرێکار وکارمەندان لە کاتی بێکاریاندا خەرجی ژیان و باری کۆمەڵایەتی یان بە داهاتێکی گونجاو وشێوەیەکی لەبار مسۆگەر دەکرێت.

## < بواری کات بەسەربردن و راوێژکاری و گرین کارت

### بواری کات بەسەربردن بۆ بەساڵاچووان

ئەگەرچی لە سەرانسەری وولاتدا ژمارەیەکی زۆری یانەو بنکەی ئەوتۆ هەن کە بۆ بە ساڵاچووان و خانەنشینان دەرفەتی کات بەسەربردن دەرەخسێنن، بەلام کۆچکردووی بێگانە – بە تایبەتیش کورد – هیچ بایەخێکیان پێ نادەن. سەرەڕای ئەمەش کەس بیر لەوە ناکاتەوە، بەدوای ئەوەدا بگەڕێت، ئاخۆ هیچ بەرنامەیەکی کات بەسەربردنی گونجاو هەیە، خۆی پێوە خەریك بکات. زۆرجار تاقیکردنەوەی دابڕان و کێشەی بێگانەبوون و گیروگرفتی تێگەیشتنی زمان و بەتایبەتیش جیاوازی کولتووری دەبنە هۆی دوورکەوتنەوە لەم چالاکی یەکانی کات بەسەربردن. لەگەڵ هەر هەموو ئەم ئاکامە نالەبارانە پێویستە مرۆڤ هوشیاری ئەوەبێت، سوود لە راوێژکاری بۆ خانەنشین و بەساڵاچووان دا وەربگرێت و بۆ کات بەسەر بردنیش سوود لە دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان وەربگرێت.

**Volkshochschule Bonn**
-Stadthaus-
Berlinerplatz 2, 53103 Bonn
Tel.: 0228/77 36 90, Fax: 0228/77 36 71
Email: vhs@bonn.de

**Volkshochschule Köln**
Studienhaus und Forum am Neumarkt
Josef-Haubrich-Hof 2, 50676 Köln
Tel. 0221/221-2 59 90, Fax: 0221/221-2 28 56
Email: vhs.rzi@stadt-koeln.de

### راوێژکاری کاروباری داد

بەگوێرەی قانوونی یارمەتی دانی راوێژکاری یەوە مرۆڤ و خێزانی کەم دەرامەت دەرفەتی ئەوەیان هەیە، لە کاتی کێشەو گیروگرفتی داد دا لە فەرمانگەی داد (Amtsgericht) لە لایەن دادناسانەوە بەخۆرایی راوێژبکرێن. لەم حاڵەتەدا پێویست ناکات مرۆڤ پێشووتر لەگەڵیان رێك بکەوێ. تەنیا ئەوە بەسە، کە لە کاتەکانی راوێژکردندا بەڵگەنامەی کەم دەرامەتی لەگەڵ خۆی ببات.

**Amtsgericht Köln**

Luxemburger Str. 101, 50968 Köln
Tel: 0221/477-0, Fax: 0221/477-33 33

**Amtsgericht Bonn**
Wilhelmstr. 23, 53111 Bonn
Tel.: 0228/702-0, Fax: 0228/702 -708

### یارمەتیدانی راوێژکاری و پارەی دادگا (Beratungs- und Prozesskostenhilfe)

**هەرکەسێ لە پاش کێشەیەکی دادوەری نەتوانێت لەبەر گیروگرفتی دارایی (بێکاری ویارمەتی وەرگرتن لە شارەوانی … هتد) پارەی دادگا و پارێزەر دابین بکات، ماف یارمەتی وەرگرتنی لە راوێژکاری دا هەیە. ئەمە یارمەتی کۆمەڵایەتی نی یە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەرکە – واتە ئەو مرۆڤانەی نەتوانن یارمەتی خۆیان بدەن و نەشتوانن لە کەسی تریشەوە یارمەتی پێویست بەدەست بهێنن، دەبێ لە کاتی تەنگ و چەڵەمەدا یارمەتی بدرێن. ئەم قانوونە تارادەیەك بە خۆرایی راوێژکردنی کاروباری داد و نوێنەرایەتی کردن لە دادگا (بەهۆی پارێزەرانەوە) لە دەرەوەی کێشەیەکی دادوەری دا بۆ ئەو مرۆڤانە مسۆگەر دەکات کە کەمدەرامەتن. ئەم یارمەتیدانە زۆرجار تەنیا لە حاڵەتێکدا دەدرێت، ئەگەر تارادەیەك کێشەکە لە دادگا ئاسۆی سەرکەوتنی هەبێت.**

### کارمەندی خاوەن پەیمانی کار و هەرزەکاری میوان (Au-pair)

**بە گوێرەی زانیاری زۆر لەپسپۆران، ئەڵمانیا پێویستی بە هێزی کاری دەرەوە هەیە، سەرەڕای زۆری بێ کاریش لەووڵاتەکەدا. هەر بۆیەش لەگەڵ هەندێ ووڵاتدا، وەکو تورکیا و پۆلۆنیا، پەیمان مۆردەکات، کە کرێکار لەو ووڵاتانەوە ئەوپەڕەکەی بۆ ماوەی 2 ساڵ بێنێتە ئەڵمانیا. میوانی هەرزەکاریش Au-pair دەتوانێ بۆ یەك ساڵ بێتە ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی لێرە لە ناو خێزانێکی ئەڵماندا چاوەدێری منداڵان بکات و لەگەڵیشیدا فێری زمانی ئەڵمانی ببێ.**

### کارتی سەوز (Green Card) چی یە؟

**حکومەتی فیدرالی قانوونی گرین کارت (کارتی سەوز)ی بە مەبەستی راکێشانی شارەزایانی تەکنەلۆژیای زانیاری ( Informationstechnologie IT) بۆ ئەڵمانیا داناوە. یەکەم دەستپێشکەری بۆ بەکارهێنانی ئەم قانوونە لە لایەن وەزارەتی فیدرالی کار و ئابووریەوە بوو، ئەویش بۆ راکێشانی پسپۆرانی IT لە هیندستانەوە. حکومەتی فیدرالی ئەم قانوونەی لە 1 ی مانگی هەشتی 2000 ـە وە خستە کار و مەبەستی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنە بوو، کە لە هێزی کاری پسپۆرانی IT دا هەبوو. زۆربەی پسپۆرانی IT یش، وەك چاوەروان دەکرا، لە هیندستانەوە هاتن. بەڵام وەزارەتی کار داوای لە رێکخراوی**

کۆچی جیهانی کرد (IOM) کە لە وولاتانی تریشدا نووسینگە بۆ راکێشان و ناونووس کردنی پسپۆرانی IT بۆ ئەڵمانیا بکەنەوە. نوێنەرانی توێژی ناوەندیی ئابووریش داوای فراوانکردنی ئەم قانوونەیان کرد، بە شێوەیەك کە کەرتەکانی تری ئابووریش بگرێتەوە.